له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# بیروباوەڕی
# ئەهلی سوننە وجەماعە

## عقيدة أهل السنة و الجماعة

نووسینی زانای پایە بەرز:

**محمد بن صالح العثيمين**

پێشكەش كردنی زانای پایە بەرز:

عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

وەرگێڕانی:

م/ صلاح الدين عبدالكريم

چاپی یەكەم

١٤٢٧ك ٢٠٠٦ز

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

## بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين، أما بعد:**

خوای گەورە مرۆڤی بە شێوەیەك دروست كردووە كە نەتوانێت بە بێ بیروباوەڕ ژیان بەسەر بەرێت، ئیتر ئایا بیروباوەڕەكە ڕاست بێت یاخود هەڵە، تەنانەت بێ باوەڕیش خۆی لە خۆیدا بیروباوەڕە، بەڵام تەنها بیروباوەڕێك كە مرۆڤ بەختەوەر بكات لە ژیانی دونیا و دواڕۆژیدا بریتیيە لە: بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە، چونكە هەرچی بیروباوەڕ هەیە لە دونیادا هەرهەمووی دانراوی دەستی مرۆڤ و هەڵێنجراوی بیرو بۆچوونی ئادەمیزادە، كە ئەمیش خاڵی نیيە لە كەموكوڕی و ناتەواوی، ئەگەر بۆ سەردەمێك گونجاو بێت ئەوا بۆ چەندەها سەردەمی تر نەگونجاوە، وە ئەگەر بۆ كۆمەڵە كەسێك شیاوبێت ئەوا بۆ كەسانی تر و میللەتانی تر ناشیاوە، تەنها بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت و جەماعەت نەبێت"چونكە ئەم بیروباوەڕە وەكو بیروباوەڕی (خەوارج) [1] نیيە كە دامەزرێنەرەكەی (ذو الخويصرة) بێت، یاخود وەكو بیروباوەڕی (سەبەئی) نیيە كە

[1]- بۆیە پێیان دەوترێت خەوارج ( دەرچووەكان) بە هۆی دەرچوونیان لە دین و دەرچوونیان لە باشترینی موسڵمانان، وە یەكەم دەرچوونیان لە ئیمامی علی(رضي الله عنه) بوو، وە ئیمامی علی(رضي الله عنه) كوشتاری كردن وە كەسیان لێ دەرباز نەبوو تەنها دە (١٠) كەس نەبێت .

دامەزرێنەرەکەی (عبدالله ی کوڕی سەبەئی جولەکە)[1]بێت، یاخود وەکو بیروباوەڕی ( قەدەری)نی‌یە کە دامەزرێنەرەکەی (سنسویە – یاخود سوسن –ی گاور)[2]بێت، یاخود وەکو بیروباوەڕی ( جەهمی)نی‌یە کە دامەزرێنەرەکەی (جەعدی کوڕی درهم و جەهمی‌کوڕی صفوان )[3] بێت، یاخود وەکو بیروباوەڕی ( موعتەزیلە)[4] نی‌یە کە دامەزرێنەرەکەی ( واصلی کوڕی عطاء ) بێت، یاخود وەکو بیروباوەڕی.......... هتد . بەڵکو بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە قورئانی پیرۆز وەرگیراوە کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێت: ﴿ لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ

٢– پیاوێکی جوولەکە بوو وای نیشاندا کە موسڵمان بووە، وە زیادڕەوی کرد لە ئیمامی علی دا(رضي الله عنه) تا ووتی پێغەمبەرە، پاشان زیاتر زیادڕەوی تێدا کرد تا ووتی خوایە، وە بانگەوازی بۆ ئەم بیرو باوەڕە دەکرد، تا ئیشەکەیان گەیشتە ئیمامی علی(رضي الله عنه) ئەویش فەرمانی کرد بە سوتاندنیان لە ناو ئاگردا وە بەشێکی زۆری لێ سووتاندن، وە بەشێکیشیان هەڵهاتن .

٣– ئیمامی ئەوزاعی دەفەرموێت: یەکەم کەس کە قسەی کرد لە قەدەردا: پیاوێك بوو لە خەڵکی عێراق پێی دەوترا (سوسن) کە گاور بوو پاشان موسڵمان بوو، پاشان بووەوە بە گاور، وە(معبد الجهنی) ئەم بیروباوەڕەی لێ وەرگرت، وە(غیلان)یش لەمی وەرگرت.موقف أهل السنة والجماعة من أهل الأهواء والبدع(١ /١٥٠-١٥١).

٤– (جعد) ئەم بیروباوەڕەی لە(أبان بن سمعان) وەرگرت، ئەویش لە (طالوت)ی‌خوشکەزای (لبید بن الأعصم)ی جولەکەی جادووگەر وەرگرت کە جادووی لەپێغەمبەر (ﷺ) کرد. موقف أهل السنة والجماعة من أهل الأهواء والبدع (١/١٥٤).

٥– بۆیە پێیان ووترا (موعتەزیلە) چونکە (واصلی کوڕی عطاء) لە زنجیرە دەرسەکانی (حەسەنی بەصری)دا(ڕەحمەتی خوای لێ بێت )دادەنیشت، بەڵام پاشان لێی جیا بووەوە وکەناری گرت وبەجیا دانیشت وبیروباوەڕی گومڕای خۆی بڵاو کردەوە.

مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنْزِيلٌ مِنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ﴾[1] (فصلت: ٤٢)، **وە لە سوننەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) وەرگیراوە کەوا:** ﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾[2] النجم: ٣-٤)، **وە لە سوننەتی خولەفای ڕاشدین وەرگیراوە کەوا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانمان پێدەکات بە دەست گرتن پێوەی کە دەفەرموێت:**

﴿عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ﴾[3]، **وەبە تێگەیشتنی پێشینە چاکەکان کەوا پێغەمبەر(ﷺ) دەربارەیان دەفەرموێت:** ﴿خير الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم﴾[4] .

**کەواتە بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بریتیە: لەو ئیسلامە ڕاستەقینەیەی کە خوای گەورە ناردوویەتی بۆ مرۆڤایەتی بە تێکرا، هەر بۆیە لەگەڵ فیترەت و سروشتی مرۆڤدا گونجاوە و بۆ هەموو کات و سات و شوێن و**

---

٦- **واتە/ قورئانی پیرۆز هیچ پەرتوکێکی پێش خۆی یاخود پاش خۆی ناتوانێت بەدرۆی بخاتەوە، یاخود شەیتان ناتوانێت حەقێکی لێ کەم بکات یاخود بەتاڵی بۆ زیاد بکات، چونکە لەلایەن خوایەکی کاربەجێ وسوپاس کراوەوە دابەزێنراوە.**

٧- **واتە/ پێغەمبەر (ﷺ) هیچ شتێك لەهەواو ئارەزوی خۆیەوە ناڵێت، بەڵکو هەرچیەك دەڵێت بەسروش لەخوای گەورەوە بۆی دێت، وهیچ شتێکی لێ زیادو کەم ناکات.**

٨- أبو داود(٤٦٠٧)، والحاكم(٣٢٩)، وفتح الباري(٥٥٥٠).من حديث عرباض بن سارية(رضي الله عنه)، وانظر: سلسلة الأحاديث الصحيحة: (٢٧٣٥/٦)، وصحيح الجامع الصغير: (٢٥٤٩/١) .

٩- البخاري(٣٤٥١) في فضائل الصحابة، والترمذي (٢٣٢٣)من حديث عمران بن حصين(رضي الله عنه) .

نەتەوەیەك گونجاو و شیاو و لەبارە و دەتوانرێت پیادە بكرێت و بەختەوەری پێ دەستەبەر بكرێت .

وە بیرو باوەڕی ئەهلی سوننەت و جەماعەت مامناوەندە لە نێوان زیادڕەوی كردن و كەم ڕەوی كردنی تاقم و گروپ و بیروباوەڕەكانی تر، وەهەر كەس و شت و نەتەوەیەك مافی خۆی پێداوە .

هەر بۆیە زانایان لەكۆن وتازەدا گرنگی‌یەكی یەكجار زۆریان بەم بیروباوەڕە پاكە بێگەردە داوە ولەناو خەڵكیدا بلاَویان كردۆتەوە، ودانراوی زۆریان لەسەری داناوە، و وەلاَمی گومان وبیروباوەڕەكانی تریان داوەتەوە، ودەمكوتیان كردوون بەبەڵگەی قورئان وسوننەت.

یەكێك لەو پەرتووكە بەسوود وپاكانەی كەلەم بوارەدا دانراوە وبیروباوەڕی ئەهلی سوننە وجەماعەی بە شێوازێكی ئاسان تێدا ڕوون كراوەتەوە، ئەم دانراوەی زانای پایەبەز شێخ (**محمد بن صالح العثیمین**)ە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، كەلەگەڵ بچووكی قەبارەكەی بەلاَم ناوەڕۆكەكەی زۆر بەپێزە، كەلەوانەیە لەزۆر پەرتوكی گەورەدا بەم شێوەیە جوان ڕوون نەكرابێتەوە، هەر بۆیە هەستام بەوەرگێڕانی بەئومێدی بلاَوكردنەوەی ئەم بیروباوەڕە پاكە لەناو خەڵكیداو چاو ڕۆشن كردنیان پێی، چونكە خەڵكی وا هەیە لەبەر نەشارەزایی لەم بیروباوەڕە پاكە لایداوە، یاخود بیروباوەڕو بۆچونی تر تێكەلاَو بەبیروباوەڕەكەی بووە بەبێ

ئەوەی کە هەست بکات، کە ئەمەیش بنچینەی هەموو لەڕێ دەرچون وگومڕا بوونێکە.

داواکارم لەخوای گەورە کەئەم کارەو هەموو کارەکانی ترمان تەنها لەبەر ڕەزامەندی ئەو بێت و هۆکارێك بێت بۆ شارەزا کردنی موسڵمانان لەبیروباوەڕەکەیان، وەسوودیان پێ بگەیەنێت إن شاء الله .

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين.**

**وەرگێڕ**

**سێ شەممە ٢٨/جمادی یەکەم ١٤٢٦ك**

**بەرامبەر ٥/تەموز٢٠٠٥ز**

# بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشکەش کردن:

**الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده وعلى آله وصحبه** .

لەپاشاندا: تەماشای ئەو بیروباوەڕە بەنرخە کورتەم کرد کە برامان زانای پایە بەرز شێخ ( **محمد بن صالح العثيمين**)کۆی کردووەتەوە، وەگوێ بیستی هەمووی بووم، بینیم کە ڕوون کردنەوەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەگرێتە خۆی لە بوارەکانی: یەکخواپەرستی خوای گەورە وناووسیفاتەکانی، وە لەبوارەکانی: باوەڕهێنان بە فریشتەکان و پەرتووکەکان وپێغەمبەران و ڕۆژی دواییو قەدەر خێرو شەڕی، وەبەڕاستی جوانی کۆکردۆتەوە وسوودی گەیاندووە، وەئەوەی کە قوتابی زانست وهەموو موسڵمانێك پێویستی بێت لەباوەڕهێنانی بە خوای گەورەو فریشتەکانیو پەرتووکەکانی وپێغەمبەرانی ورۆژی دواییو قەدەر خێریو شەڕی باسی کردووە، لەگەڵ ئەمەیشدا زۆر سوودی تر کە پەیوەندییان بەبیروباوەڕەوە هەبێت داوێتی یە پاڵی و باسی کردووە، کە لەوانەیە لەزۆر پەرتووکی دانراو لە بیروباوەڕدا دەست نەکەوێت، خوای گەورە پاداشتی چاکەی بداتەوە، وە زانست و هیدایەتی زیاد بکات، وەبە هۆی ئەم نامیلکەیەو هەموو دانراوەکانی تری سوود بگەیەنێت بەموسڵمانان، وە ئێمەو هەموو برایانمان بکات

بەڕێنمایی کەری هیدایەت دەر، بانگەوازکەر بۆ لای خوای گەورە لەسەر زانست و چاو ڕۆشنایی، هەر ئەو بیسەرەو نزیکە،

وصلىالله وسلم على نبينا محمد وآله وصحبه .

**قاله مملیه الفقير الى الله تعالى**

**عبدالعزيز بن عبدالله بن باز(سامحه الله)**

**الرئيس العام لادارات البحوث العلمية والافتاء والدعوة والإرشاد**

## بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله ربّ العالمين، والعاقبة للمتقين، ولا عدوان الا على الظالمين، وأشهد أن لا الـه الا الله وحده لاشريك لـه الملك الحق المبين، وأشهد أنّ محمدا" عبده ورسوله خاتم النبيين و إمام المتقين، صلى الله عليه وعلى آله وأصحابه ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين.**

لەپاشاندا: خـوای گـەورە پێغەمبەرەکـەی محمد(ﷺ)ی نـاردووە بـەڕێنمایی‌و دینی ڕاست وەکو سۆزو ڕەحمەت بـۆ هـەموو جیهـان، وەپێشـەواو سەرمەشق بـۆ زانایان، وەبەڵگەو بورهان بۆ هەموو خـەڵکان، بـەهۆی ئـەو وئـەوەی بـۆ سـەر ئـەو دابەزیوە لە قورئان و سوننەت خوای گـەورە هـەموو شـتێکی ڕوون کردۆتـەوە کـە بەرژەوەنـدی بەنـدەکان و دامـەزراوی و چاکسـازی حاڵیـانی تێـدابێت لـە دیـن و دنیایاندا لە بیرو باوەڕی ڕاست و کردەوەی چاك و ڕەوشتی جوان و ئـادابی بـەرز، پێغەمبەر(ﷺ) نەتەوەکەی بەجێ هێشـتوە لەسـەر ڕێگایـەکی سـپی پـاك شـەوی وەکو ڕۆژ ڕووناکە، هیچ کەسێك لێ ی لانادات تەنها کەسێکی لـەناو چـوو نـەبێت، وە ئەو نەتەوەیەی کـە وەڵامـی خـواو پێغەمبەرەکـەیان(ﷺ)دایـەوەو لەسـەر ئـەم شتە ڕۆیشتن کە ئەمانیش باشترین دروست کراوبوون لە هاوەڵان وشوێن کەوتووان و ئەوانەی بە چـاکە شـوێنیان کـەوتوون، هەسـتان بەجێبـەجێ کردنـی شـەریعەت ویاساکەی، وەدەستیان گرت بە سوننەتەکەیەوە، قەپیان لێ گرت بە کەڵبـەکانیان

بـەبیروباوەڕو پەرسـتن‌و ڕەوشـت وئەدەبـەوە، ئـەمان بـوون بـەو کۆمەڵـەی کـەوا بـەردەوام لەسـەر حـەق ئاشـکران، زیانیـان پـێ ناگەیـەنێت ئـەوەی بیـەوێت سـەر شۆڕیان بکات یا خود پێچەوانەیان بکات هەتا ئەو ڕۆژەی کە قیامـەت دێـت ئـەمان بەم شێوازەن .

*وە ئێمە – سوپاس بۆ خوا – لەسـەر شـوێنەواری ئـەوان دەڕۆیـن، بـە ژیانـە پاڵپشتەکەیان بەقورئان و سوننەت ڕێنمایی وەردەگرین، ئـەم شـتە دەڵـێین وەکـو باسـکردنی بەخششـەکانی خـوای گـەورە، وەوەکـو ڕوونکردنـەوەی ئـەوەی کـە پێویستە هەموو موسڵمانێکی لەسەر بێت . داواکارین لە خوای گەورە کە ئێمەو برا موسڵمانەکانمان دامـەزراو بکـات بـە ووتـەی دامـەزراو لـە ژیـانی دونیـاو قیامەتـدا، وەلەلایەنی خۆیەوە بەزەییمان پێ ببەخشێت هەر ئەو بەخشەرە .

*وەلەبەر گرنگی ئەم بابەتە وجیاوازی‌و جۆراوجـۆری ئـارەزووی خـەڵکی تێیـدا پێم خۆش بوو کە بیروباوەڕەکەمان – بیروباوەڕی ئەهلی سـوننەت وجەماعـەت – بـەم شـێوازە کورتـە بنووسـم کـە بریتی‌یـە لـە باوەڕهێنـان بـەخوای گـەورەو فریشتەکانی و پەرتووکەکانی‌و پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی و قەدەر خێـرو شـەڕی، داواکارم لە خوای گەورە ئەم شتە تەنها لەبەر ڕووی ئەو بێت و گونجاو بێت لەگەڵ ڕەزامەندی‌یەکەی و سوود بەخش بێت بۆ بەندەکانی .

## بیروباوەڕمان:

*بیروباوەڕمان: باوەڕهێنانە بەخوای گەورەو فریشتەکانیو پەرتووکەکانیو پێغەمبەرانیو ڕۆژی دواییو قەدەر خێرو شەڕی .

*باوەڕدەهێنین: بەپەروەردگاریێتی خوای گەورە، واتە: هەر ئەو پەروەردگاری دروستکەری خاوەنداری هەڵسوڕێنەری هەموو ئیش وکارەکانی ئەم بوونەوەرەیە .

*وەباوەڕدەهێنین: بە پەرستراوێتی خوای گەورە، واتە: هەر ئەو پەرستراوی حەقەوشایانی پەرستنەو هەموو پەرستراوێکی تری جگە لەو بەتاڵ و پووچەڵن .

*وەباوەڕدەهێنین: بەناو و سیفاتەکانی خوای گەورە

واتە: خوای گەورە ناوە جوان و سیفاتە تەواوە بەرزەکانی هەیە .

*وە باوەردەهێنین: بەتاك وتەنهایی خوای گەورە لەم شتانەدا: واتە هیچ هاوبەشی نىیە نە لە پەروەردگارێتىدا، وە نە لە پەرستراوێتىدا، وە نە لەناوو سیفاتەکانیدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَاعْبُدْهُ وَاصْطَبِرْ لِعِبَادَتِهِ هَلْ تَعْلَمُ لَهُ سَمِيّاً﴾ (مریم: ٦٥).

واتە / خوای گەورە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەویو ئەوەی لە نێوانیاندایە، تۆ ئەی محمد (ﷺ)خوای گەورە بپەرستە و بەردەوام بە لە پەرستنیدا، ئایا دەزانیت خوای گەورە هاوشێوەو هاوبەشی هەبێت لەناوەکەیدا کە (الله) یە؟ .

* وەباوەڕمان وایە کە خوای گەورە: ﴿اللَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلا نَوْمٌ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلا يَؤُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ﴾ (البقرة: ٢٥٥) .

واتە/ خوای گەورە ئەو خوایەیە کە هیچ پەرستراوێکی تری حەق نىیە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لەو کە بەردەوام زیندووەو هەڵسووڕێنەری ئەم بوونەوەرەیە، نە وەنەوزە دەیباتەوە نەخەولێکەوتن، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هەمووی موڵکی خوایە، کێ هەیە بتوانێت تکا بکات لەلای خوای گەورە تەنها بەڕێگا پێدانی خۆی نەبێت، هەرچی داهاتوو و ڕابردووی دروستکراوەکانێتی هەمووی دەزانێت، وەئەوان ناتوانن دەوری شتێك لە زانستی خوای گەورە بدەن و بیزانن تەنها بەویستی خۆی نەبێت، وەکورسی خوای گەورە زۆر فراوانە بە فراوانی ئاسمانەکان وزەوی، وەپاراستنیان خوای گەورە نارەحەت ناکات و قورس نىیە لەلای، وە هەر ئەو بەرزە خودی خۆیو ناوو سیفات وکردەوەکانی، وە لە هەموو کەس گەورەترە .

* وەباوەڕمان وایە کە: ﴿هُوَ اللَّهُ الَّذِي لا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ هُوَ اللَّهُ الَّذِي لا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ السَّلامُ الْمُؤْمِنُ الْمُهَيْمِنُ الْعَزِيزُ الْجَبَّارُ الْمُتَكَبِّرُ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ هُوَ اللَّهُ الْخَالِقُ الْبَارِئُ الْمُصَوِّرُ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى يُسَبِّحُ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ (الحشر: ٢٢-٢٤).

واتە/ خوای گەورە ئەو خوایەیە کە هیچ پەرستراوێکی تری حەق نیەیە کە شایانی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە، کە زانای شتە نهێنی وئاشکراکانە کە هەر ئەو بەسۆزو ڕەحم وبەزەیی‌یە، وە خوای گەورە ئەو خوایەیە کە هیچ پەرستراوێکی تری حەق نی‌یە کە شایانی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە کە خاوەنداری هەموو بوونەوەرەو پاکە لە هەموو کەم وکوڕی‌یەك، وە خەڵکی پارێزراو بوون لەوەی کە ستەمیان لێ بکات، وە بەڕاست دانەری پێغەمبەرانە بە ئاشکرا کردنی موعجیزەکانی بۆیان، وە ئامادەیە بەسەر بەندەکانی‌یەوەو چاودێرە لەسەریان، وەزاڵ و دەسەڵاتدارو بەتوانایە بەسەر هەموو دروستکراوەکانی، وە گەورەیە لەئاست هەموو کەم وکوڕیو لەکەداری‌یەك، پاك و بێ گەردی بۆ خوای گەورە لەو شتانەی کە دەیکەن بە هاوبەش بۆ خوای گەورە، وە خوای گەورە ئەو خوایەیە کە دروستکەرو هێنانە بوون و داهێنەری هەموو شتێکە کە ویستی لێ بێت، وەوێنەکێش و هێنانە بوونی شێوەی دروستکراوەکانێتی، هەرچی ناوی جوان هەیە هەمووی بۆ خوای گەورەیە، وەهەرچی لە ئاسمانەکان وزەویدایە هەموو خوای گەورە بە پاك ڕادەگرن بە زمانی حاڵ یان بە زمانی قسە، هەر ئەو بە دەسەڵات و کار بەجێیە .

* وەباوەڕمان وایە کە خوای گەورە موڵکی ئاسمانەکان و زەوی هەیە:

﴿ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ يَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ إِنَاثاً وَيَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ الذُّكُورَ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَاناً وَإِنَاثاً وَيَجْعَلُ مَنْ يَشَاءُ عَقِيماً إِنَّهُ عَلِيمٌ قَدِيرٌ﴾ (الشورى: ٤٩-٥٠).

واتە/ خوای گەورە ویستی لەچی هەبێت دروستی دەكات، بەویستی خۆی كچ دەبەخشێت بە هەركەسێك كە ویستی لێبێت، یا خود كوڕیان پێ دەبەخشێت، یاخود كوڕو كچیان پێ دەبەخشێت، ویستی لێ بێت نەكوڕ نەكچ نابەخشێت پێیان، بەڕاستی خوای گەورە زاناو بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێكدا .

*وەباوەڕمان وایە كە خوای گەورە:

﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ لَهُ مَقَالِيدُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ (الشورى: ١٢).

واتە/ هیچ شتێك لە خوای گەورە ناچێت، وەخوای گەورە بیسەرو بینەری هەموو شتێكی گەورەو بچوك وئاشكراو نهێنیيە، خەزێنەو كلیلەكانی ئاسمانەكان و زەوی هەمووی موڵكی ئەوەو بەدەستی ئەوە، بۆ هەر كەسێك كە ویستی لێ بێت ڕۆزی فراوان دەكات، وە بۆ هەر كەسێكیش كە ویستی لێ بێت لێ ی تەسك دەكات، بەڕاستی خوای گەورە زانایە بە هەموو شتێك .

*وەباوەڕمان وایە كە خوای گەورە: ﴿وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ إِلَّا عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ﴾ (هود: ٦).

واتە / هیچ ئاژەڵ وگیان لەبەرێك نیيە لەسەر ڕووی زەوی ئیلا خوای گەورە ڕۆزی دەداتو ڕۆزیان لای خوای گەورەیە، وە دەزانێت شوێنی مانەوە و

نیشتەجێبوونی کوێیە و، شوێنی ڕۆیشتن و مردنیشی کوێیە، هەموو ئـەم شـتانە لە (لوح المحفوظ) دا نووسراون .

*وەباوەڕمان وایە کە خوای گەورە:

﴿ وَعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلا رَطْبٍ وَلا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ﴾ (الأنعام: ٥٩).

واتە/ کلیلی زانیاری غەیب و نهێنییەکان لای خـوای گەورەیـە وهـیچ کەسێك نایزانێت تەنها خۆی نەبێت، وەئەوەی لە ووشکانی و دەریاکان دا هەیە زانیاری بە هەمووی هەیە، وەگەڵای هیچ دارێك ناوەرێت ئیلا خوای گەورە زانیـاری بـە کـات و شوێنی وەرینەکەی هەیە، وەهیچ دانەوێڵەیەك نییە لـە تـاریکی ژێـر زەوی یـاخود تەڕ یاخود وشك ئیلا هەموو ئەمانە لە (لوح المحفوظ)دا نووسراونەتەوە .

*وەباوەڕمان وایە کە خوای گەورە:

﴿ إِنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَداً وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (لقمان: ٣٤).

واتە / زانیارییەکانی هاتنی قیامەت لای خوای گەورەیەو هەر خۆی دەیزانێت، وە هەر خۆی کاتی باران بارین دەزانێت، وە هەر خۆی دەزانێت ئەوەی لە ڕەحمی

ئافرەتدایە ئایا کوڕە یاخود کچ، باشە یاخود خراپ، وە هیچ نەفسێك نازانێت سبەی چی بەدەست دێنێت و تووشی چی دەبێت، وە هیچ نەفسێك نازانێت لە کوێدا دەمرێت تەنها خوای گەورە نەبێت، بەڕاستی خوای گەورە زانا و خەبیرە .

*وە باوەڕمان وایە کە خوای گەورە قسە دەکات بەوەی کە ویستی لێ بێت هەر کاتێك کە بیەوێت و چۆنی بوێت: ﴿ وكلّمَ اللهُ موسى تكليماً ﴾ [ النساء: ١٦٤ ].

واتە / خوای گەورە قسەی لەگەڵ موسی کرد(ﷺ)قسە کردنێکی ڕاستەقینە.

وە دەفەرموێت: ﴿ ولما جاء موسى لميقاتنا وكلمَهُ ربُهُ ﴾ [ الاعراف: ١٤٣ ] .

واتە/ کاتێك موسی (ﷺ)لەکاتی دیاری کراودا هات و خوای گەورە قسەی لەگەڵدا کرد .

وە دەفەرموێت: ﴿ وناديناه من جانب الطور الايمن وقربناه نجيا ﴾ [ مريم: ٥٢] .

واتە / بانگی (موسی) مان کرد (ﷺ) وقسەمان لەگەڵ کرد لەلای ڕاستی چیای طور، وە پلەو پایەمان نزیك کردەوە هەتا قسەمان لەگەڵدا کرد وگوێی لە قسەی پەروەردگار بوو .

*وە باوەڕمان وایە کە: ﴿ قُلْ لَوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَاداً لِكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَنْ تَنْفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَداً﴾ (الكهف: ١٠٩).

واتە/ئەگەر ئاوی دەریاکان مەرەکەب بن بۆ پێنـووس، پێنووسـیش ووشـەکانی خوای گـەورە بنووسـن ئـەوا ئـاوی دەریاکـان ووشـك دەبێـت و کۆتــــــایی دێـت و ووشەکانی خوای گـــــەورە ئەوەندە زۆرن کۆتایی نایەت .

هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِنْ شَجَرَةٍ أَقْلامٌ وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِنْ بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (لقمان: ٢٧)

واتە/ئەگەر هەرچی دار هەیە لەسەر ڕووی زەوی هەمووی پێنووس بێت و ئـاوی دەریاکان مەرەکەب بێت ئەوا تەواو دەبن، بـەڵام ووشـەکانی خـوای گـەورە تـەواو نابێت، هەرچەندە ئەگەر لەپاشاندا حەوت دەریای تریش یارمەتی بـدەن ئـەمانیش تەواو دەبن، بەڕاستی خوای گەورە بەدەسەڵات وکار بەجێیە.

*وە باوەڕمان وایە کە ووشەکانی خوای گـەورە تـەواوترین ووشـەن، ڕاسـتن لـە هەواڵەکانـدا، دادپـەروەرن لـە حوکمەکانـدا، جـوانن لـە قسـەکاندا، خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلاً﴾ [ الانعام: ١١٥] .

واتە/ ووشەی پـەروەردگارت تـەواون، ڕاسـتن لـە هەواڵەکانـدا، دادپـەروەرن لـە حوکمەکاندا ، وە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللهِ حَدِيثًا﴾ [ النساء: ٨٧] .

واتە/ کێ هەیە قسەی لە قسەی خوای گەورە ڕاستتر بێت؟

*وە باوەڕمان وایە کە قورئانی پیرۆز قسەی خوای گەورەیە بە ڕاستەقینەیی قسەی پێ کردووە، وە داوێتی بە جبریل (علیە الصلاة والسلام) ئەویش دایبەزاندووە بۆ سەر دڵی پێغەمبەر (ﷺ)،

﴿ قُلْ نَزَّلَهُ رُوحُ الْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِالْحَقِّ ﴾ [ سورة النحل: ١٠٢] .

واتە / ئەی محمد (ﷺ) بڵێ ئەم قورئانە جبریل ( علیە الصلاة والسلام ) دایبەزاندووە بۆ سەر دڵی من لەلایەن پەروەردگارتەوە بە حەق .

وە دەفەرموێت: ﴿ وَإِنَّهُ لَتَنْزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنْذِرِينَ بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُبِينٍ﴾ (الشعراء: ١٩٢-١٩٥).

واتە / ئەم قورئانە پیرۆزە دابەزێنراوی پەروەردگاری هەموو جیهانە، کە جبریلی دەست پاك ( علیە الصلاة والسلام ) دایبەزاندۆتە سەر دڵت تا تۆیش ببیت بە یەکێك لە ترسێنەران وخەڵکی پێ بترسێنیت و ئاگاداریان بکەیتەوە پێی، وە بەزمانی عەرەبی ئاشکرا دابەزیوە .

*وە باوەڕمان وایە کە خوای گەورە بەرزە بە سەر دروست کراوەکانیدا خودی خۆی و سیفاتەکانیشی، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وهو العَليُّ العَظيم ﴾ [ البقرة: ٢٥٥] .واتە/خوای گەورە بەرزو گەورەیە خودی خۆی وناوو سیفاتەکانی .

وەدەفەرموێت: ﴿وهو القاهِرُ فَوقَ عِبادِهِ وهو الحَكيمُ الخَبير﴾ [الأنعام: ١٨] .

واتە/خوای گەورە بە دەسەڵاتەو زاڵـەو بـەرزەو لەسـەرووی بەندەکانییەوەیـە، وەخوای گەورە کاربەجیٚو زانایە .

*وە باوەڕمـان وایـە کـە: ﴿خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُدَبِّرُ الْأَمْر﴾ (يونس: ٣).

واتە/ خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی دروسـت کـرد لـە شـەش ڕۆژدا، پاشـان بەرز بووەوە بۆ سەر عەرش و هەر ئەو هەڵسورێنەری ئەم بوونەوەرەیە .

وە بەرزبوونەوەی بۆ سەر عەرشەکەی: بەرزبوونەوەیەتی بۆ سـەری بـە خـودی خۆی بەرزبوونەوەیـەکی تایبـەت کـە گونجـاوو شـیاو بێـت بـە پیرۆزیـو گـەورەیی خوای گەورە، لەبەرزبونەوەی هیچ کەسێك لە دروست کراوەکـانی ناچـێت، وەهـیچ کەسێك چۆنێتییەکەی نازانێت تەنها خۆی نەبێت .

*وە باوەڕمـان وایـە کـە خـوای گـەورە لەگـەڵ دروسـتکراوەکانێتی، وە خـۆی لەسـەر عەرشـەکەیەتی زانیـاری هەیـە بـەحاڵیان، و ووتـەکانیان دەبیسـتێت و، کردەوەکانیـان دەبینێـت، وە ئـیش وکاریـان هـەڵ دەسـووڕێنێت، ڕۆزی هـەژاران دەدات وتێکشکاوان چاك دەکاتەوە، وە موڵك دەدات بە هـەر کەسـێك کـە ویسـتی لیٚ بێت، وە دەیسەنێتەوە لەهەر کەسێك کە ویستی لیٚ بێت، وە ویسـتی لـیٚ بێـت هەر کەسێك دەسەڵاتدار بکات ئەوا دەسەڵاتداری دەکات، وە ئەوەیشی ویستی لـیٚ

بێت سەر شۆڕو ڕیسوای دەکات، خێرو چاکە هەر بە دەستی ئەوە، وەهەر ئەو تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، وە هەر کەسێك ئەمە ئیشی بێت بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لەگەڵ دروستکراوەکانێتی، هەرچەندە لەسەروویانەوەیە لەسەر عەرشەکەی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە: ﴿ ليسَ كَمِثْلِهِ شَيء وهوالسَّميعُ البَصير﴾ [ الشورى: ١١].واتە/ هیچ شتێك لە خوای گەورە ناچێت و خوای گەورە بیسەرو بینەری هەموو شتێکە.

وەئێمە وەکو( الحلولية) لە جەهمیەکان و جگە لەوان ناڵێین: خوای گەورە لەگەڵ دروستکراوەکانێتی لەسەر ڕووی زەوی، وە باوەڕمان وایە کە هەر کەسێك وا بڵێت ئەوا کافرە یا خود گومڕایە، چونکە وەسفی خوای گەورەی کردووە بە سیفاتی کەم وکوڕ کە شایانی خوای گەورە نییە .

*وە باوەڕمان هەیە بەوەی کە پێغەمبەرەکەی(ﷺ)هەواڵی پێداوین کە هەموو شەوێك دادەبەزێت بۆ ئاسمانی دونیا کاتێك کە سێ یەکی ( یەك لەسەر سێی ) شەو دەمێنێت وە دەفەرموێت: ﴿ مَنْ يَدعُونِي فأسْتَجيب له؟ مَنْ يَسْأَلُنِي فَأُعْطيه؟ مَنْ يَسْتَغْفِرني فَأَغْفَر له؟ ﴾[1] .

---

[1]- البخاري (٥٩٦٢) باب الدعاء نصف الليل، وأبو داود(١٣١٥) باب أي الليل أفضل، والدارمي (١٤٧٩)، ومالك(٤٩٨)، وغيرهم ،وكلهم عن أبي هريرة (رضي الله عنه).

واتە / کێ لێم دەپاڕێتەوە تا وەڵامی بدەمـەوە؟ کـێ داوام لـێ دەکـات تاپـێی ببەخشم؟ کێ داوای لێخۆشبوونم لێ دەکات تا لێ ی خۆش بم؟ .

*وە باوەڕمان وایە کە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا دێت بۆ بڕیاردان لەنێوان بەندەکان دا چونکە دەفەرموێت:

﴿ كَلَّا إِذَا دُكَّتِ الْأَرْضُ دَكّاً دَكّاً وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفّاً صَفّاً وَجِيءَ يَوْمَئِذٍ بِجَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ الْإِنْسَانُ وَأَنَّى لَهُ الذِّكْرَى﴾ (الفجر: ٢١-٢٣).

واتە/ نەخێر نابێت کردەوەکانتان بەو شـێوازە بێـت چـونکە کاتێـك دێـت زەوی دەلەرزێت و دەهەژێت و دەشکێت یـەك لـە دوای یـەك، وە خـوای گـەورە دێـت بـۆ بڕیـاردان لـەنێوان بەندەکانـدا، وە فریشـتـەکانیش پـۆل پـۆل دێـن، وە لـەو ڕۆژەدا فریشتەکان دۆزەخ ڕادەکێشن و دەیهێنن، ئەو کاتە مرۆڤـ پەشیمان دەبێتـەوە لـە کردەوە خراپەکانی دونیای، بەڵام پەشیمانی و یادکردنـەوەی تـاوانی سـوودی پـێ ناگەیەنێت لەو ڕۆژەدا .

*وە باوەڕمان وایە کە خوای گەورە: ﴿ فَعَّالٌ لِما يُرِيد﴾ [هود: ١٠٧].

واتە/ هەرچی بوێت وویستی لێ بێت دەیکات و کـەس نیـیـە دەسـتە وەسـتانی بکات.

*وە باوەڕمان وایە کە ویستی خوای گەورە دوو جۆرە: یەکەمیان: کەونی (كونية) کە بەهۆیەوە مەبەستی خوای گەورە ڕوو دەدات، وە مەرج نیەیە کە خوای گەورە خۆشی بوێت کە بە مانای ویست دێت (المشيئة)، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ولو شاءَ اللهُ ما اقتتلوا ولكنَّ اللهَ يَفْعَلُ ما يُريد﴾ [ البقرة: ٢٥٣] .

واتە/ ئەگەر خوای گەورە ویستی لێبوایە ئەوا کوشتاری یەکتریان نەدەکرد، بەڵام خوای گەورە ئەوەی بیەوێت جێبەجێی دەکات .

وە دەفەرموێت: ﴿إنْ كانَ اللهُ يُريدُ أنْ يُغْوِيَكُمْ هُوَ رَبُّكُم﴾ [هود: ٣٤].

واتە/ ئامۆژگاری من سوودتان پێ ناگەیەنێت ئەگەر خوای گەورە بیەوێت گومڕاتان بکات، چونکە هەر ئەو پەروەردگارتانەو ڕێنماییو گومڕایی هەر بە دەستی ئەوە .

دووەمیان: ویستی شەرعی کە مەرج نیەیە مەبەستی جێ بەجێ بێت، وە مەبەستیشی تێیدا تەنها خۆشویستراو دەبێت بۆی وەکو دەفەرموێت: ﴿وَاللهُ يُرِيدُ أنْ يَتوبَ عَلَيكُم﴾ .واتە / خوای گەورە دەیەوێت لێتان خۆش بێت

*وەباوەڕمان وایە کە ویست ومەبەستی (كوني وشرعي) دەگەڕێتەوە بۆ دانایی خوای گەورە: ئەوەی کە بڕیاری کەونی لە سەر دابێت، یا خود داوای پەرستنی پێ کردبێت لە دروست کراوەکانی ( شرعاً) ئەوە داناییەو بە گوێرەی داناییە، ئیتر هەیە زانیومانەو، هەیشە هۆشمان پەی پێ نەبردووەو نەیزانیوە.

﴿ أَلَيْسَ اللهُ بِأَحْكَمِ الحاكِمِين﴾ [ التين: ٨ ] .

واتە/ ئایا خوای گەورە لە هەموو دادوەرەکان دادوەرتر نیە؟

وە دەفەرموێت: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْماً لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾ (المائدة: ٥٠).

واتە/کێ هەیە حوکم و بڕیاری باشتربێت لە بڕیاری خوای گەورە بۆ کەسانێك کە دڵنیایی یان هەبێت؟

*وەباوەڕمان وایە خوای گەورە باوەڕدارانی لەخوا ترس وپیاوچاکانی خۆش دەوێت و ئەوانیش خوای گەورە یان خۆش دەوێت .

وەکو دەفەرموێت: ﴿ قُلْ اِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللهُ ﴾ [ ال عمران: ٣١] .

واتە / ئەی محمد(ﷺ) پێیان بڵێ ئەگەر ئێوە خوای گەورەتان خۆش دەوێت ئەوا شوێنی من بکەون، خوای گەورەیش ئێوەی خۆش دەوێت .

وە دەفەرموێت: ﴿ فَسَوفَ يَأْتِي اللهُ بِقَومٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ ﴾ [ المائدة: ٥٤ ] .

واتە/ ئەوا خوای گەورە کەسانێکی تر دەهێنێت کە خۆشیانی دەوێت و ئەوانیش خوای گەورەیان خۆش دەوێت وە دەفەرموێت: ﴿ واللهُ يُحِبُّ الصابرين﴾ [ ال عمران: ١٤٦] .

واتە/خوای گەورە ئارامگرانی خۆش دەوێت .

وەدەفەرموێت: ﴿وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللهَ يُحِبُّ المقْسِطِينَ﴾ [ الحجرات: ٩ ] .

واتە/ئێوە دادپەروەربن بەڕاستی خوای گەورە دادپەروەرانی خۆش دەوێت .

وەدەفەرموێت: ﴿وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللهَ يُحِبُّ المحْسِنِينَ﴾ [ المائدة: ٩٣ ] .

واتە/ چاکە بکەن چونکە بەڕاستی خوای گەورە چاکەکارانی خۆش دەوێت .

*وەباوەڕمان وایە کە خوای گەورە ڕازی‌یە لەو شەریعەتەی کە داینـاوە لـە کردەوەکان و وتەکان، وەناڕازی یە لەو شتانەی کە قەدەغەی کردووە، لەوانە:

دەفــەرموێت: ﴿إِنْ تَكْفُرُوا فَانَّ اللهَ غَنِيٌّ عَنْكُمْ وَلا يَرْضَى لِعِبادِهِ الكُفْرَ، وَانْ تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُم﴾ [ الزمر: ٧ ] .

واتــە / ئەگـەر ئێـوە کـوفر بکـەن ئـەوا بەڕاسـتی خـوای گـەورە دەوڵەمەنـدەو پێویستی بە ئێوە نی‌یە کە بیپەرستن‌و سوپاسی بکەن، بـەڵام ڕازیـش نی‌یـە بـە کوفر بۆ بەندەکانی، وە ئەگەر سوپاسی خوای گەورە بکەن ئەوا بە سوپاس کردن ڕازی‌یە لێتان .

وە دەفەرموێت: ﴿وَلَكِنْ كَرِهَ اللَّهُ انْبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ اقْعُدُوا مَعَ الْقَاعِدِينَ﴾ (التوبة: ٤٦).

واتە / بەڵام خوای گەورە پێی ناخۆش بوو کە دوو ڕووەکان دەرچن لەگەڵ باوەڕداران بۆ جیهاد کردن، بۆیە ڕایانی گرت و دانیشتنی خستە دڵیانەوە وەکوو سەرشۆڕییەك بۆیان, و پێیان ووترا دانیشن لەگەڵ دانیشتووەکان ( ئەوانەی کە(عذر)یان هەیە لە کوێرو نەخۆش و ئافرەت و منداڵ ) .

*وەباوەڕمان وایە کە خوای گەورە ڕازی دەبێت لەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە:

﴿ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ ذَلِكَ لِمَنْ خَشِيَ رَبَّهُ﴾ (البينة: ٨).

واتە / خوای گەورە لێیان ڕازی بوو بە هۆی باوەڕهێنان وکردەوە چاکەکانیانەوە(واتە: هاوەڵان)، وە ئەوانیش ڕازی بوون لە خوای گەورە بەهۆی ئەو هەموو بەخششانەی کە پێیانی دا لە بەهەشتدا، کە ئەمە بۆ کەسێکە لە خوای گەورە بترسێت بە زانیارییەوە.

*وە باوەڕمان وایە کە خوای گەورە تووڕە دەبێت لە کەسێك کە شایانی تووڕەبوون بێت، لە کافران و جگە لەوان:

﴿ الظانينَ بِاللهِ ظَنَ السَّوءِ عَلَيهِم دَائِرَةُ السَّوءِ وَغَضِبَ اللهُ عليهم﴾ [ الفتح: ٦] .

واتە/ ئەوانەی کە گومانی خراپ بە خوای گەورە دەبەن( گومان بردن بەسەرکەوتنی ووشەی کوفر بە سەر ووشەی ئیسلامدا ) ئەوانە ئەو گومانە

خراپەیان بۆخۆیان دەگەڕێتەوە وتووشی خۆیان دەبێت وخـوای گـەورەیش لێیـان توڕە بووە .

وە دەفەرموێت: ﴿ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْراً فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ [النحل: ١٠٦].

واتە / بەڵام کەسێك کوفر بکات بە دەم وسینگیشـی فـراوان بێـت ودڵـی خـۆش بێت بەو کوفرەی کە کردوویەتی، ئەوا ئەو کەسانە تووڕە بوونی خـوای گـەورەیان لە سەرە و سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە .

*وە باوەڕمان وایە کە خوای گەورە ڕوویەکی هەیە کەوەسف کراوە بـە پـیرۆزو بەڕێز کە دەفەرموێت: ﴿ وَيَبْقى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الجَلالِ وَالاكرام ﴾ [ الرحمن: ٢٧ ] .

واتـە/ هـەموو شـتێك لـەناو دەچـێت و نامێنێـت، تـەنها ڕووی پـەروەردگارت دەمێنێت

کە وەسف کراوە بەوەی کە ڕوویەکی پیرۆز وبەڕێزە .

*وەباوەڕمان وایـە کـە خـوای گـەورە دوو دەسـتی پـیرۆزی گـەورەی هەیـە کـە لەدەستی هـیچ لـە دروسـتکراوەکانی ناچـێت، و کەسـیش چـۆنێتیەکەی نازانێـت تـەنها خـۆی نـەبێت، کـە دەفـەرموێت: ﴿ بَلْ يَداهُ مَبْسُوطَتانِ يُنْفِقُ كَيْفَ يَشاءُ﴾ (المائدة: ٦٤).

واتە/بەڵکو هەردوو دەستی خوای گەورە کراوەن چۆنی ویست لێبێت دەبەخشێت.

وە دەفەرموێت : ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعاً قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ (الزمر: ٦٧) .

واتە/ خوای گەورەیان بە گەورە نەناسیوە بەو گەورەییەی کە شایەنێتی، کەهەموو زەوی لە ڕۆژی قیامەتدا دەکاتە مشتیەوە ( دەستیەوەو دای دەخات ) وەئاسمانەکانیش لوول دەکات بە دەستی ڕاستیو لە دەستی ڕاستی دایە، پاك و بێگەردیو گەورەیی بۆ خوای گەورە لەو هاوبەش بڕیاردانەی کە بۆی بڕیار دەدەن،

*وە باوەڕمان وایە کە خوای گەورە دوو چاوی ڕاستەقینەی هەیە کە لە چاوی هیچ لە دروستکراوەکانی ناچێت و کەسیش چۆنێتیەکەی نازانێت تەنها خۆی نەبێت، کە دەفەرموێت: ﴿وَاصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحِينَا﴾ (هود: ٣٧).

واتە/ ئەی نوح(ﷺ) کەشتیەکە دروست بکە لە پێش چاوی ئێمە، وە ئێمە چاودێریت دەکەین، وە بەو شێوازە دروستی بکە کە ئێمە بەسروش بۆتمان ناردووە.

وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿ حِجابُهُ النُورُ لَو كَشَفَهُ لأحْرَقَتْ سَبْحاتُ وَجْهِهِ ما انْتَهى اليهِ بَصَرُهُ مِنْ خَلْقِهِ﴾[1].

واتە/ پەردەی خوای گەورە وداپۆشەری نوورە ئەگەر لایبەرێت و هەڵی بگرێت ئەوا نوورو پیرۆزی ڕووی چەندێك چاوی خوای گەورە بەندەكانی ببینێت هەمووی دەسووتێنێت.

وەئەهلی سوننە كۆن لەسەر ئەوەی كە خوای گەورە دوو چاوی هەیە، وەفەرموودەكەی پێغەمبەریش(ﷺ) پاڵپشتی دەكات دەربارەی دەجال كە دەفەرموێت: ﴿ إنَّهُ أعْوَر وإنَّ رَبَّكُم ليس بأعور ﴾[2] .

واتە/ دەجال چاوێكی كوێرەو، بەڕاستی پەروەردگاری ئێوە دوو چاوی هەیەو هیچ چاوێكی كوێر نىیە .

*وە باوەڕمان وایە كە خوای گەورە: ﴿لا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الْأَبْصَارَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ (الأنعام: ١٠٣).

واتە / چاوەكان هەست بە خوای گەورە ناكەن لە دونیادا، بەڵام خوای گەورە هەست بەهەموو چاوەكان دەكات و زانیاری پێیان هەیەو هیچ شتێكی لێ

---

١١- مسلم٢٩٣-(١٧٩) من حديث أبي موسى الأشعري(رضي الله عنه)، وابن ماجة(١٩٥).

١٢- صحيح الجامع الصغير: (٥٥٧٨/٢).

ناشـاردرێتەوە، هـەر خـوای گـەورە نهێنیەکان بـە ئاسـانی دەزانێـت و زانیـاری بەهەموو شتێك هەیەو ئاشكراو نهێنی دەزانێت .

*وە باوەڕمان وایە کە باوەڕداران پەروەردگاریان دەبینن لە ڕۆژی قیامەت دا:

﴿ وجوهٌ يَوْمَئِذٍ ناضِرَة،الى رَبِها ناظِرة﴾ (القيامة: ٢٢/٢٣).

واتە/ لە ڕۆژی قیامـەت دا ڕووی بـاوەڕداران دەگەشـێتەوەو جوانـە، کاتێـك کـە تەماشای پەروەردگاریان دەکەن ودەیبینن .

*وەباوەڕمان وایە کە خوای گەورە هاوشێوەو هاوێنەی نیە لەبـەر تـەواوێتی سیفاتەکانی: ﴿ لَيسَ كَمِثلِهِ شَيءٌ وهو السميعُ البصير ﴾ [ الشورى: ١١] .

واتە/ هیچ شتێك لە خوای گەورە ناچێت و لە وێنـەی خـوای گـەورە نیـە، وە خوای گەورە بیسەرەو بینەرەو هەموو شتێك دەبیستێت و دەبینێت .

*وە باوەڕمان وایە کە خوای گەورە: ﴿ لا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلانَوم ﴾ [ البقرة: ٢٥٥] .

واتە / خوای گەورە نە وەنەوزە دەیباتەوە وە نەدەخـەوێت، لەبـەر تـەواوێتیو زیندوێتیو هەستانی بە هەڵسوڕاندنی دروستکراوەکانی .

*وەباوەڕمان وایە کە خوای گەورە ستەم لە هیچ کەسێك ناکات لەبەر تەواوێتی دادپـەروەری، وە خـوای گـەورە بێئاگـا نیـە لـە کـردەوەی بەنـدەکانی لەبـەر تەواوێتی چاودێری و ئاگا لێبونی .

*وەباوەڕمان وایە کە هیچ شتێك خوای گەورە دەستە وەستان ناکات نەلە ئاسمانەکان و نە لەزەوی، لە بەر تەواوێتی زانیاریو دەسەڵاتی

﴿ إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئاً أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ﴾ (يّس: ٨٢) .

واتە / تەنها ئیشی خوای گەورە وایە کە ئەگەر ویستی لە شتێك بێت پێی دەفەرموێت ببە ئەویش یەکسەر دەبێت .

وە خوای گەورە تووشی ماندووبوون و نەتوانین نابێت لەبەر تەواوێتی هێزو دەسەڵاتی: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِنْ لُغُوبٍ﴾ (قّ: ٣٨).

واتە / بە جەخت لەسەرکراوییەوە ئێمە ئاسمانەکان و زەوی وئەوەی لە نێوانیان دایە دروستمان کرد لە شەش ڕۆژدا وەتووشی ماندووبوون و نەتوانین نەهاتین .

*وەباوەڕمان هەیە بە جێبەجێکردنی هەموو ئەو ناوو سیفاتانەی خوای گەورە کەخۆی بۆ نەفسی پیرۆزی خۆی جێگیری کردووە، یاخود پێغەمبەر (ﷺ) بۆی جێگیر کردووە، بەڵام ئێمە بەرائەت دەکەین و خۆمان دوور دەگرین لە دوو ئاگاداری لێ کراوی گەورە کە بریتین لە: یەکەم: لێکچواندن (تمثیل) کە مرۆڤ بە دڵی یاخود بە زمانی بڵێت سیفاتی خوای گەورە وەکوو سیفاتی دروستکراوەکانی وایە،

دووەم: چـۆنێتی (التكييـف) واتـە: مرۆڤــ بـە دڵـی یـاخود بـە زمـانی بڵێـت: چۆنێتی سیفاتی خوایگەورە بەم شێوەیەو بەم شێوەیەیە .

*وەباوەڕمان هەیە بەنـەفیکردن و جێگیرنـەکردنی هـەموو ئـەو سـیفاتە کـەم و کوڕانەی کە خوای گەورە نەفی کردووە لە خۆی یاخود پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نـەفی کـردووە لـە خـوای گـەورە، وەئـەم نـەفی کردنـە جێگیرکردنـی سـیفاتی تـەواوی دژەکەی

دەگرێتە خۆی ( واتە: کە نەفی سیفاتێکی خراپ دەکەی لە خوای گـەورە واتـە سیفاتە دژە چاکەکەیت جێگیر کردووە، بۆ نمونە کە نـەفی نـەزانین دەکـەیت واتـە زانیاریـت بـۆ خـوای گـەورە جـێگیر کـردووە، کـە نـەفی سـتەم دەکـەیت واتــە دادپەروەریت بۆ خوای گەورە جێگیر کردووە ) .

وەبێدەنگ دەبین لەو سیفاتانەی کە خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لێـی بێـدەنگ بوونە، نە نەفیان کردووەو نەجێگیر.

* وەباوەڕمان وایە کە ڕۆیشتن لەسەر ئـەم ڕێگایـە پێویسـتەو هـەر دەبێـت لـە سەری بڕۆین، چونکە ئەو سیفاتانەی کە خوای گەورە بـۆ نەفسـی خـۆی جـێگیری کردووە یاخود نەفی کردووە ئەوا هەواڵێکەو خوای گەورە هەواڵی پێ ڕاگەیاندووین دەربارەی نەفسی خۆی کە خوای گەورە لە هەموو کەس زاناترە بە نەفسی خۆی، وە لە هەموو کەس ووتـەی ڕاسـت تـرەو قسـەی جـوانترە، وەبەنـدەکان زانیاریـان

نىیە دەربارەی خوای گەورە، وە ئەو سیفاتانەی کە پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بۆی جێگیر کردووە یاخود نەفی کردووە ئەوا هەواڵێکەو پێغەمبەر(ﷺ) پێی ڕاگەیاندووین دەربارەی خوای گەورە، کە پێغەمبەر(ﷺ) زاناترین کەسە لە دروستکراوەکان بە پەروەردگاری وە لە هەموویان زیاتر ئامۆژگاری خەڵکی کردووە، وله هەموویان ڕاستگۆترەو له هەموویان زمان پاراو ترە .

وە لە قسەی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) تەواوێتی زانیاری و ڕاستی ڕوونکردنەوەی تێدایە، بۆیە بیانوو بۆ هیچ کەسێك نىیە کە وەری نەگرێت یاخود دوودڵ بێت لە وەرگرتنی .

## فـــــصـــــل

* وە هەموو ئەو سیفاتانەی خوای گەورە کە باسمان کرد بە درێژیو بە کورتی، ئەوا ئێمە لەو شتەدا پشتمان بەستووە بە قورئانی پەروەردگارمان و

سوننەتی پێغەمبەرمان (ﷺ)، وە ئەوەی پێشینەکانی ئەم ئوممەتە وپێشەوایانی هیدایەت لە پاش ئەوان لەسەری ڕۆیشتوون .

* وەباوەڕمان وایە کە پێویستە دەقەکانی قورئانو سوننەت لەسەر شێوازە ئاشکراکەی باس بکەین، وە هەڵی بگرین لەسەر ئەو ڕاستێتیەی کە گونجاوە بۆ خوای گەورە، وە بەرائەت دەکەین و خۆمان دوور دەگرین لە ڕێگای ئەوانەی کە مانای سیفاتەکانی خوای گەورە دەگۆڕن بۆ مانایەك کە خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) مەبەستیان نەبووە( تحریف) ی دەکەن

هەروەها بەرائەت دەکەین و خۆمان دوور دەگرین لەڕێگای لە کارخستووان (المعطّلین)، ئەوانەی کە سیفاتەکانی خوای گەورە لەکار دەخەن لەو دەلالەت لەسەر کراوەی کە خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) مەبەستیان بووە .

هەروەها بەرائەت دەکەین وخۆمان دوور دەگرین لە ڕێگای زیادڕەویکەران، ئەوانەی کە سیفاتەکانی خوای گەورەیان چوواندووە بە سیفاتی دروستکراوەکانی(المشبە)، یاخود زیادڕەویان کردووە لە پرسیارکردن لە چۆنێتی سیفاتەکانی خوای گەورە .

* وەباوەڕمان وایە کە زانیاری دڵنیای ئەوەی کە لە قورئانی خوای گەورەدا، یاخود لە سوننەتی پێغەمبەرەکەیدا(ﷺ)هاتووە ئەوە حەقە و هەندێکی

تری هەڵناوەشێنێتەوە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَفَلا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلافاً كَثِيراً﴾ (النساء: ٨٢) .

واتە / ئەوە بۆ لە قورئان ناكۆڵنەوەو تـێ‌ی نـاڕوانن و لێـی تـێ ناگـەن، ئەگـەر لێی تێ بگەیشتنایە ئەوا دەتانبینی قورئان هـەمووی یـەكگرتووە و جیـاواز نیـیە، وە ئەگـــەر لەلایـــەن جگـــە لـــە خـــوای گـــەورەوە بوایـــە ئـــەوا جیـــاوازی و هەڵوەشاندنەوەیەكی زۆرتان تێدا دەبینی .

وە چونكە هەڵوەشاندنەوەی هەندێك هەواڵ بۆ هەندێكی تر وا پێویست دەكـات كە هەندێكیان هەندێكی تریان بەدرۆ بخەنەوە، كە ئەمەیش زۆر دوورەو ناگونجێـت لە هەواڵی خوای گەورەو پێغەمبەرەكەی (ﷺ)، وە هەركەسێك بڵێـت لـە قورئـانی خوای گەورەدا یاخود لە سوننەتی پێغەمبەرەكەیدا(ﷺ) یـاخود لـە نێوانیانـدا دژ بەیـەك و هەڵوەشـاندنەوەی یـەكتری تێدایـە ئـەوا بـەهۆی نییـەت خراپیـو لادانـی دڵیەتی لە حەق، با تۆبە بكات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە و واز بهێنێـت لـە ڕێ دەرچوون، وە هەركەسێك وا گومان بـەرێت كـە دژ بەیـەك و هەڵوەشـاندنەوەی یەكتری لەقورئان یـاخود سـوننەتدا هەیـە یـاخود لـە نێوانیـان دا هەیـە، ئـەوا یـان بـەهۆی كـەمی زانیاری‌یەوەیـە یـاخود لـە كـەمی تێگەیشـتنێتی، یـاخود بـە هـۆی كەمتەرخەمی‌یەتی لە بیركردنەوەو تێڕوانین، بابگەڕێت بەدوای زانیاری‌دا وكۆشـش بكات لە بیركردنەوەو لێكۆڵینەوەدا تاحەقی بـۆ ڕوون دەبێتـەوە، وەئەگـەر حـەقی بـۆ ڕوون نـەبووەوە ئـەوا بابگەڕێتـەوە بـۆ لای زاناكـەی و ڕابوەسـتێت لـە گومـان

بردن‌و بـا وەکـوو دامـەزراوان لـە زانسـتدا بلێـت: ﴿ آمنا به كُلٌّ من عند ربنا ﴾ [ آل عمـران: ٧ ] .واتـــە / بڵـــێن باوەڕمـــان پـــێ‌ی هێنـــاو هـــەمووی لەلایـــەنی پەروەردگارمانەوەیەو هەمووی حەق و ڕاستە .

وە با بزانێت قورئان وسوننەت جیاوازی‌و دژ بە یەکیان تێدا نی‌یە و لە نێوان دا نی‌یە و یەکتری هەڵ ناوەشێننەوە

# فصل

*وەباوەڕمان هەیە بە فریشتەکانی خـوای گـەورە، وەئـەوان ﴿ عِبَادٌ مُكْرَمُونَ لا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُمْ بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ﴾ (الانبياء: ٢٦-٢٧).

واتە/ فریشتەکان بەندەی ڕێزلێنراوی خوای گەورەن، وە هیچ شتێك نالێن لە پێش خوای گەورە دا هەتا خوای گەورە نەیلێت یاخود فەرمانیان پێ نەکات، وە ئەوان بە فەرمانی خوای گەورە کار دەکەن و هیچ شتێك لە خۆیانەوە ناکەن .

خوای گەورە دروستیانی کردووەو ئەوانیش هەستاون بە پەرستنی خوای گەورەو ملکەچی گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە بوون:

﴿ وَلَهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَنْ عِنْدَهُ لا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ وَلا يَسْتَحْسِرُونَ يُسَبِّحُونَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لا يَفْتُرُونَ﴾ (الانبياء: ١٩-٢٠).

واتە / فریشتەکان لە پەرستنی خوای گەورە دا خۆیان بە گەورە ناگرن و ماندوو نابن، بەڵکو بەردەوام خوای گەورە دەپەرستن و بەپاکی ڕادەگرن، بە شەوو بە ڕۆژ لاواز نابن و بێزار نابن لە پەرستنی خوای گەورە .

خوای گەورە شاردویانێتیەوە لە ئێمەو نایان بینین، وە لەوانەیە خوای گەورە ئاشکرایانی کردبێت بۆ هەندێ لە بەندەکانیو نیشانیانی دابێت، پێغەمبەر (ﷺ) جبریلی بینی ( علیه السلام ) لەسەر شێوەی خوی شەش سەد ( ٦٠٠ ) باڵی هەبوو کە ئاسمانی گرتبووەوە، وە جبریل (علیه السلام) خۆی کرد بە مرۆڤێکی تەواو بۆ مەریەم و قسەیان لەگەڵ یەکتری دا کرد .

وە هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) کە هاوەڵانی لەلابوو لەسەر شێوەی پیاوێك کە نە دەناسرا(خەڵکی مەدینە نەبوو تا بیناسن)، وەنە شوێنەواری ڕێبواری پێوە

دیار بوو (ماندوو وتەپوتۆزاوی بێت)، جلێکی زۆر سپی لە بەردا بوو، وەقژی زۆر ڕەش بوو، دانیشت لەلای پێغەمبەر (ﷺ)، وە هەردوو ئەژنۆی دایە پاڵ هەردوو ئەژنۆی پێغەمبەر (ﷺ)، وە هەردوو ناودەستی خستەسەر هەردوو ڕانیو گفتوگۆی لەگەڵ پێغەمبەر کرد(ﷺ)، وەپێغەمبەریش(ﷺ) گفتوگۆی لەگەڵ ئەودا کرد، وەپێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵانی ڕاگەیاند کە ئەوە جبریل بوو(علیه السلام).

* وە باوەڕمان وایە کە فریشتەکان چەند کارێکیان هەیە کە خوای گەورە داوای لێ کردوون کە جێبەجێی بکەن لەوانە: جبریل ( علیه السلام ) کە کاروباری سروشی پێ سپێردراوە، لەلایەنی خوای گەورەوە دای دەبەزێنێت بۆ سەر ئەو پێغەمبەرو نێردراوانە بە ویستی خوای گەورە .

وە میکائیل: کە کاروباری باران و ڕووەکی پێ سپێردراوە .

وە ئیسرافیل: کە فووکردن بە(صور)ی پێ سپێردراوە لە کاتی قیامەت کەهەموو خەڵکی دەمرێت، وە لەکاتی زیندوو بوونەوەیان .

وە فریشتەی گیان کێشان (ملك الموت ): کە گیان کێشانی دروستکراوەکانی پێ سپێردراوە لە کاتی مردن دا .

وە فریشتەی چیاکان: کە چیاکانی پێ سپێردراوە .

وە مالك: کە دەرگاوانی دۆزەخە .

وە ئەو فریشتانەی کە کۆرپەی ناو ڕەحمی ئافرەتیان پێسپێردراوە .

وەئەو فریشتانەی کە مرۆڤ دەپارێزن .

وەئەو فریشتانەی کە نووسینی کردەوەکانی مرۆڤیان پێ سپێردراوە .

وە هەموو مرۆڤێك دوو فریشتەی لەگەڵ دایە ﴿ إِذْ يَتَلَقَّى الْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ قَعِيدٌ مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ﴾ (قٓ: ١٨).

واتە / دوو فریشتە لەگەڵ مرۆڤدان لەلای ڕاست وچەپی دانیشتوون، هیچ ووتەیەك لە دەمی مرۆڤەوە دەرناچێت ئیلا ئەو دوو فریشتەیە چاودێرو ئامادەن ودەینووسن.

وە ئەو فریشتانەی کە پرسیار کردن لە مردوویان پێ سپێردراوە لە پاش بە خاك سپاردنی، کە دوو فریشتە دێن بۆ لای و پرسیاری لێ دەکەن دەربارەی پەروەردگارو ئایین و پێغەمبەرەکەی(ﷺ)، وە خوای گەورەیش:

﴿ يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوابِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ وَيَفْعَلُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ﴾ (ابراهيم: ٢٧).

واتە / خوای گەورە باوەڕداران دامەزراو دەکات لە دونیاو دواڕۆژدا لە ناو گۆڕ کاتێك کە دوو فریشتەکە پرسیاریان لێ دەکەن بە هۆی یەکخوا پەرستیو ووتنی لاإله إلا الله محمد رسول الله کە لە ناو گۆڕیش دا چۆن لە دونیا وتوویانە ئاوا

وەڵامی دوو فریشتەکە دەدەنەوە بە دامەزراوی، بەڵام ستەمکاران ناتوانن وەڵامی دوو فریشتەکە بدەنەوە چونکە خوای گەورە وێڵیان دەکات لە وەڵام دانەوەی, وە ئەوەی خوای گەورە ویستی لێ بێت جێبەجێی دەکات .

وە ئەو فریشتانەی کە بەهەشتیەکانیان پێسپێردراوە:

﴿ جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا وَمَنْ صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَالْمَلائِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِمْ مِنْ كُلِّ بَابٍ﴾ (الرعد: ٢٣) .

واتە/ فریشتەکان لە هەموو دەرگاکانی بەهەشتەوە دەچنە لای بەهەشتیەکان و پێیان دەڵێن: سەلامتان لێ بێت ئێوە پارێزراو بوون لە سزا بە هۆی ئارامگرتنتان لەدونیا لەسەر پەرستن و لە خوا ترسان، بۆیە پاداشتان و سەرەنجامتان باشترین شوێنە کە بەهەشتە، وە پێغەمبەر (ﷺ) پێمانی ڕاگەیاندوە کە ( البيت المعمور ) لە ئاسمانەو هەموو ڕۆژێك حەفتا هەزار فریشتە دەچنە ناویەوە، لە ڕیوایەتێکی تردا نوێژی تێدا دەکەن پاشان نایەنە دەرەوەو ناگەڕێنەوە .

# فصل

*وەباوەڕمان وایە کە خوای گەورە پەرتووکی بۆ پێغەمبەرانی (**رُسُلِهِ**) ناردۆتە خوارەوە تا ببێت بە بەڵگە بەسەر هەموو خەڵکییەوە، وەببێت بە شوێنی بەڵگە بۆ هەموو خەڵکی کە بەهۆیەوە پێغەمبەران خەڵکی فێری دانایی وکاربەجێیی دەکەن و پاکیان دەکەنەوە پێی .

*وەباوەڕمان وایە کە خوای گەورە لەگەڵ هەموو پێغەمبەرێکدا (رسول) پەرتووکێکی دابەزاندووە .

چونکە دەفەرموێت: ﴿ لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ ﴾ (الحديد: ٢٥).

واتە/ بە جەخت لەسەرکراوییەوە ئێمە پێغەمبەرانی خۆمان ناردووە بە موعجیزاتی ڕوونو شەریعەتی ئاشکرا، وەلەگەڵ هەریەکەیاندا پەرتووکی ئاسمانیو تەرازووی دادپەروەریمان دابەزاندووە، تاخەڵکی ژیانی خۆیانی لەسەر دابمەزرێنن بە دادپەروەری.

وە ناوی ئەم پەرتووکانە دەزانین:

١- تەورات: کە خوای گەورە دایبەزاندووە بۆ موسی (ﷺ) کە گەورەترین پەرتوکی بەنی ئیسرائیلە، کە ﴿فِيهَا هُدىً وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُوا لِلَّذِينَ هَادُوا وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُوا مِنْ كِتَابِ اللَّهِ﴾ (المائدة: ٤٤).

واتە/ تەورات هیدایەتو ڕووناکی تێدا بوو (کە بریتیە لە مژدەدان بە هاتنی محمد (ﷺ) و پێویستێتی شوێنکەوتنی) کە پێغەمبەرانی موسڵمانی بەنی ئیسرائیل حوکمیان پێدەکرد, وە فەرمانیان بە شوێنکەوتووانیانو زانا داناکانو زانایانیان دەکرد کە تەورات بپارێزن لە دەستکاریکردنو گۆڕینی.

٢- ئینجیل: کە خوای گەورە دایبەزاندووە بۆ عیسی(ﷺ) کە بە ڕاست دانەری تەوراتو تەواوکەری بووە: ﴿وَآتَيْنَاهُ الْأِنْجِيلَ فِيهِ هُدىً وَنُورٌ وَمُصَدِّقاً لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ التَّوْرَاةِ وَهُدىً وَمَوْعِظَةً لِلْمُتَّقِينَ﴾ (المائدة: ٤٦).

واتە/ ئێمە ئینجیلمان داوە بە عیسی (ﷺ) کە هیدایەتو ڕووناکی تێدا بووە (کە بریتیە لە مژدەدان بە هاتنی محمد(ﷺ) وە پێویستێتیشوێنکەوتنی ) وە بە ڕاست دانەری تەورات بووە، وهیدایەتو ئامۆژگاری بووە بۆ کەسانی لە خوا ترس.

وە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَلِأُحِلَّ لَكُمْ بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ﴾ (آل عمران: ٥٠).

واتە/ عیسی (ﷺ) پێتانی فەرمووە تا هەندێ لەو شتانەی کە لەسەرتان حەرام کراوە حەڵاڵی بکەم لە ئینجیلدا.

٣- زەبوور: کە خوای گەورە دایبەزاندوە بۆ داود(ﷺ).

٤- صوحوفی ابراهیمو موسی (علیهما الصلاة والسلام).

٥- قورئانی گەورەو پیرۆز کە خوای گەورە دایبەزاندوە بۆ سەر کۆتایی پێغەمبەران محمد(ﷺ)کە ﴿هُدىً لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ﴾ (البقرة:١٨٥).

واتە/ دابەزینی قورئان لە مانگی ڕەمەزان هیدایەت بووە بۆ خەڵکی، وڕوون کەرەوە بوو لەو هیدایەتە، وەجیاکەرەوەی نێوان حەقو بەتاڵ بووە.

کە قورئان: ﴿مُصَدِّقاً لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِناً عَلَيْهِ﴾ (المائدة: ٤٨).

واتە/ ئەی محمد (ﷺ) ئێمە ئەو قورئانەمان دابەزاندۆتە سەرت کە بە ڕاست دانەری پەرتووکە ئاسمانی یەکانی پێش خۆیەتی، وزاڵە بەسەریاندا کە خوای گەورە بە هۆی قورئانەوە حوکمو ئیش کردنی بە هەموو پەرتووکەکانی تر سڕیوەتەوە، وە پەیمانی داوە بە پاراستنی لە گاڵتەی گاڵتەجاڕان، وە لە لادانی لە ڕێ دەرچوان

﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (الحجر: ٩) .

واتـە/ بـە جـەخت لەسـەرکراوی‌یەوە ئێمـە خۆمـان قورئانمـان دابەزانـدووە، وە بەجەخت لەسەرکراوی‌یەوە ئێمە خۆمان دەیپارێزین.

چونکە دەمێنێتەوە بەسەر خەڵکی‌یەوە وەکو بەڵگە تا ڕۆژی قیامەت.

بـەڵام پەرتووکـەکانی پـێش قورئـان دیـاریکراو بـوون بـە کـاتێکی دیـاریو بەسەردەچـوون بـە هاتنـەخوارەوەی شـتێکی تـر کـە ئـەوەی دەسـڕی‌یەوە، ودەسـتکاریو گۆڕانکـاری تێـدا ڕوون دەکـردەوە بۆیـە پـارێزراو نەبوونـە لێی‌و دەستکاری و گۆڕانو کەمو زیاد ڕووی داوە تێیاندا, خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ مِنَ الَّذِينَ هَادُوا يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَنْ مَوَاضِعِهِ﴾ (النساء: ٤٦).

واتە/ لە ناو جوولەکەکاندا کەسانێك هەبوونە کە دەستکاری تەوراتیان کردووە و شوێنی ئایەتەکانیان گۆڕیوە.

وە دەفەرموێت:

﴿ فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ لِيَشْتَرُوا بِهِ ثَمَناً قَلِيلاً فَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا يَكْسِبُونَ﴾ (البقرة: ٧٩).

واتە/ لەناوچوون بۆ ئەو کەسانەی کە پەرتووکەکە (تەورات) بەدەسـتی خۆیـان دەنووسنو پاشان دەڵێن ئەمە لە لایەن خوای گەورەوە هـاتووە تـا بـە هـۆی ئـەم تاوانـە گەورەیەیانـەوە نـرخو پاداشـتێکی کـەمیان دەسـت بکـەوێت, دووبـارە

لەناوچوون بۆ ئەوان بە هۆی ئەو شتەی کە بە دەستی خۆیان نووسیویانەو دەڵێن لە لایەن خـــــوای گەورەوە هاتووە، وە لەناوچوون بۆ ئەوان بە هۆی ئەو شتەی کەبەدەستی دەهێنن.

وە دەفــەرموێت: ﴿ قُلْ مَنْ أَنْزَلَ الْكِتَابَ الَّذِي جَاءَ بِهِ مُوسَى نُوراً وَهُدىً لِلنَّاسِ تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيراً﴾ (الأنعام: ٩١).

واتــە/ ئــەی محمــد(ﷺ) پێیــان بڵــێ: کــێ ئــەو پەرتووکــەی دابەزانــدووە کــە موســی(ﷺ) هێنــاوێتی کــە دەیکەنــە چــەند پــەرتووکێکی جیــاوازەوە تــا بتــوانن دەستکاری بکەن‌و بیگۆڕن‌و سیفەتی باسکراوی محمدی(ﷺ) تێـدا بشـارنەوە, کـە هەندێك لە تەورات ئاشکرا دەکەن‌و زۆریشی دەشارنەوە ..هەروەها دەفەرموێت:

﴿ وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقاً يَلْوُونَ أَلْسِنَتَهُمْ بِالْكِتَابِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ الْكِتَابِ وَمَا هُوَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُؤْتِيَهُ اللَّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا عِبَاداً لِي مِنْ دُونِ اللَّهِ ﴾ (آل عمران: ٧٨-٧٩) .

واتــە/ لــە نــاو گــاورو جوولەکەکانــدا کۆمــەڵێك هــەن کــە دەســتکاری تــەورات‌و ئینجیلیان کردووەو بۆیان زیاد کردووە, کاتێکیش کە دەیخوێننەوە زمانیان لوول‌و خــوار دەکــەن تــا وابــزان کــە خــوای گــەورە دایبەزانــدوە, بــەڵام خــوای گــەورە داینەبەزاندووە, وە دەڵێن ئەمە لــە لایــەن خــوای گــەورەوە دابــەزیوە, هەرچــەندە

لەلایەن خوای گەورەوە دانەبەزیوە، وە درۆ هەڵدەبەستن بۆ خوای گەورە هەر چەندە خۆیشیان دەزانن درۆیە, وە دروست نیيە بۆ هیچ کەسێك کە خوای گەورە پەرتووك‌و حوکم‌و پێغەمبەرایەتی بداتێ پاشان بە خەڵکی بڵێت ئێوە ببن بە بەندەی من، وەمن بپەرستن وخوا مەپەرستن. ئەم ئایەتە لەسەر گاورەکان دابەزی کە درۆیان هەڵبەست بەدەم عیسیەوە(ﷺ) کە نە ئەم‌و نە هیچ پێغەمبەرانی تر قسەی وایان نەکردووە.

وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيراً مِمَّا كُنْتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ قَدْ جَاءَكُمْ مِنَ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُبِينٌ لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ قُلْ فَمَنْ يَمْلِكُ مِنَ اللَّهِ شَيْئاً إِنْ أَرَادَ أَنْ يُهْلِكَ الْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ جَمِيعاً﴾ (المائدة: ١٥-١٧).

واتە/ ئەی گاورو جولەکەکان ئەوا بەجەخت لەسەر کراویيەوە پێغەمبەرمان (محمد) (ﷺ) هات بۆ لاتان کە زۆر لەو شتانەی کە ئێوە شاردبووتانەوە لە تەورات‌و ئینجیلدا ئەم بۆتان ڕوون دەکاتەوە, وە لە زۆر شتتان دەبوورێت, وە بەجەخت لەسەرکراویيەوە لە لایەنی خوای گەورەوە ڕووناکی (محمد) (ﷺ) و قورئانێکی ئاشکراتان بۆ هاتووە کە بە هۆیەوە خوای گەورە هیدایەتی ئەو کەسانە دەدات کە ڕازیيە لێیان، و ڕێگاکانی پارێزراوی لە سزا دەگرنە بەر کە دەیانگەیەنێتە بەهەشت و دەریان دەکات لە تاریکیيەکانی کوفر بۆ ڕووناکی ئیسلام بە ڕێگە پێدانی پەروەردگاری، وە ڕێنماییان دەکات بۆ ڕێگای ڕاست, وە

بەجەخت لەسەرکراوی‌یەوە ئەوانەی کە ووتیان عیسی(ﷺ) خوایە بەم قسەیەیان کافر بوونە، وە پێیان بڵێ ئەگەر خوای گەورە بیەوێت عیسی(ﷺ) و دایکی‌و هەرچی لەسەر زەوی‌یە هەموویان لەناو بەرێت کێ هەیە بتوانێت قەدەغەی خوای گەورە بکات‌و نەهێڵێت؟!.

# فصل

*وەباوەڕمان وایە کە خوای گەورە پێغەمبەرانی ناردووە بۆ لای دروستکراوەکانی: ﴿ رُسُلاً مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزاً حَكِيماً﴾ (النساء: ١٦٥).

واتە/ پێغەمبەران مژدەدەرو ترسێنەری خەڵکین تا خەڵکی هیچ بەڵگەی نەمێنێت لە لای خوای گەورە لە قیامەتدا لە پاش ناردنی پێغەمبەران, وە خوای گەورە بە دەسەڵات‌و کاربەجێ‌یە.

*وەباوەڕمان وایە کە یەکەم نێردراو نوح بووە وە کۆتاییشیان محمد بووە (صلى الله وسلم عليهم أجمعين)

﴿ إِنَّا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ كَمَا أَوْحَيْنَا إِلَى نُوحٍ وَالنَّبِيِّينَ مِنْ بَعْدِهِ﴾ (النساء: ١٦٣).

واتە/ ئەی محمد (ﷺ) ئێمە نیگامان بۆت نارد هەروەکو چۆن نیگامان بۆ نوح نارد(ﷺ) وە بۆ پێغەمبەرانی دوای ئەویش .

**وە خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ ﴾ (الأحزاب: ٤٠).

**واتە/ محمد (ﷺ) باوکی هیچ کام لە پیاوانی ئێوە نیە، بەڵکو نێردراوی خوای گەورەیە و کۆتایی پێغەمبەرانە.**

*** وەباوەڕمان وایە کە باشترینیان (محمد)ە پاشان ابراهیم پاشان موسی و پاشان نوح وعیسی** (عليهم الصلاة والسلام) **کە خوای گەورە لەم ئایەتەدا باسیان دەکات:** ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ النَّبِيِّينَ مِيثَاقَهُمْ وَمِنْكَ وَمِنْ نُوحٍ وَإِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَأَخَذْنَا مِنْهُمْ مِيثَاقاً غَلِيظاً﴾ (الأحزاب: ٧).

**واتە/ پەیمانمان لە پێغەمبەران وەرگرت لەسەر پەرستنی خوای گەورە و بانگەواز کردنی نەتەوەکانیان, لە تۆ ئەی محمد و لە نوحو ئیبراهیم و موسی و عیسی** (عليهم الصلاة والسلام) **وە پەیمانێکی سەختمان لێ وەرگرتن کە جێبەجێی بکەن.**

*** وە باوەڕمان وایە کە شەریعەتو بەرنامەی محمد (ﷺ) چاکەی شەریعەتو بەرنامەی ئەو پێغەمبەرانەی گرتۆتە خۆی چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:**

﴿ شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحاً وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَنْ يُنِيبُ﴾ (الشورى: ١٣).

واتە/ ئەی محمد(ﷺ) خوای گەورە شەریعەتی بۆ ئێوە داناوە لە دیندا، لەوەی کە ئامۆژگاری نوحی کردووە، وە ئەوەی کە بە سروش بۆ تۆی ناردووە، وەئەوەی ئامۆژگاری موسیو عیسیی پێ کردووە کە دین دامەزراو بکەن و ڕابگرن، وە جیاوازیو پارچە پارچەیی تێدا مەکەن.

*وەباوەڕمان وایە کە هەموو پێغەمبەران مرۆڤ بوونو دروست کراو بوون, هیچ تایبەتمەندییەکی پەروەردگارێتیان نەبووە, خوای گەورە دەربارەی نوح (ﷺ) کە یەکەم نێردراو بووە فەرموویەتی: ﴿وَلا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلا أَقُولُ إِنِّي مَلَكٌ﴾ (هود: ٣١).

واتە/ من پێتان نالێم خەزێنەکانی خوای گەورە لای منە, وە نایشلێم من زانیاری نهێنی دەزانم, وە نایشلێم من فریشتەم.

وە خوای گەورە فەرمانی بە (محمد)یش کردووە (ﷺ) کە کۆتایی پێغەمبەرانە بلێت: ﴿وَلا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلا أَقُولُ إِنِّي مَلَكٌ﴾ (الأنعام: ٥٠).

واتە/ من پێتان نالێم خەزێنەکانی خوای گەورە لای منە, وە نایشلێم من زانیاری نهێنی دەزانم, وە نایشلێم من فریشتەم.

وە فەرمانی پێکردووە کە بلێت:

﴿قُلْ لا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعاً وَلا ضَرّاً إِلَّا مَا شَاءَاللهُ﴾ (الأعراف: ١٨٨).

واتە/ ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ من موڵكو توانای سوود پێگەیاندنو زیان پێگەیاندنی خۆمم نیە مەگەر خوای گەورە ویستی لێ بێت . وە فەرمانی پێ كردووە كە بڵێ: ﴿قُلْ إِنِّي لا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرّاً وَلا رَشَداً﴾ (الجن: ٢١).

واتە/ ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ من ناتوانمو موڵكی زیانو سود پێگەیاندنی ئێوەم نیە.

*وەباوەڕمان وایە كە هەموویان بەندە بوونە لە بەندەكانی خوای گەورە, وە خوای گەورە ڕێزی لێنان بە پەیام، وە وەسفی كردوون بە بەندایەتی كردن لە بەرزترین پلەو پایەیاندا وە لە كاتی باش باسكردنیاندا, وە دەربارەی یەكەمیان كە (نوح)ە (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿ذُرِّيَّةَ مَنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ إِنَّهُ كَانَ عَبْداً شَكُوراً﴾ (الاسراء: ٣).

واتە/ ئەی ئەوانەی كە لەگەڵ نوح دا هەڵتانمان گرت لە ناو كەشتیەكەدا بەڕاستی نوح بەندەیەكی سوپاس گوزار بوو زۆر سوپاسی پەروەردگاری دەكرد، دەی كەواتە ئێوەیش چاو لەو بكەنو شوێنی بكەون. وە دەربارەی كۆتاییان كە محمدە(ﷺ) دەفەرموێت:

﴿تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيراً﴾ (الفرقان: ١).

واتە/ خێروچاکەی ئەوخوایە گەلێك زۆرە کە ئەو قورئانەی دابەزاند بۆ سەر بەندەی خۆی محمد(ﷺ) تا بۆ هەموو جیهان ببێت بە ئاگادار کەرەوەو ترسێنەر .

وە دەربارەی پێغەمبەرانی تر دەفەرموێت:

﴿ وَاذْكُرْ عِبَادَنَا إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ أُولِي الْأَيْدِي وَالْأَبْصَارِ﴾ (صّ: ٤٥) .

واتە/ ئەی محمد(ﷺ) تۆ باسی بەندەکانی ئێمە (ابراهیمو ئیسحاق و یعقوب) بکە (علیهم الصلاة والسلام) کە خاوەنی دەستو چاو بوونە, ( واتە: چاکەکارو خێرخواز بوونەو چاو ڕۆشنا بوونە بە سروشی خوای گەورە) .

﴿ وَاذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُدَ ذَا الْأَيْدِ إِنَّهُ أَوَّابٌ﴾ (صّ: ١٧).

واتە:/ ئەی محمد(ﷺ) تۆ باسی بەندەی ئێمە داود (ﷺ) بکە کە چاکە کارو خێر خواز بووە، وە بۆ لای خوای گەورە گەڕابووەوە.

﴿ وَوَهَبْنَا لِدَاوُدَ سُلَيْمَانَ نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ﴾ (صّ: ٣٠).

واتە/ سولەیمانمان(ﷺ) بەخشی بە داود(ﷺ) کە باشترین بەندە بووەو گەڕاوەبووە بۆ لای خوای گەورە.

وە دەربارەی عیسی ابن مریم(ﷺ)دەفەرموێت:

﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا عَبْدٌ أَنْعَمْنَا عَلَيْهِ وَجَعَلْنَاهُ مَثَلاً لِبَنِي إِسْرائيلَ﴾ (الزخرف: ٥٩).

واتە/ عیسى(ﷺ) هیچ شتێك نىيە تەنها بەندەی خوای گەورە نەبێت، وە بەخششى خۆمان ڕژاندوە بەسەریدا، وە کردوومانە بە نیشانەو پەند بۆ بەنى ئیسرائیل تا دەسەڵاتى خوای گەورە بناسن.

*وەباوەڕمان وایە کە خوای گەورە کۆتایی بە پەیامەکان هێناوە بە پەیامى محمد (ﷺ) وە ناردوویەتى بۆ لای هەموو خەڵکى، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعاً الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لا إِلَهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ (ألأعراف: ١٥٨).

واتە/ ئەی محمد(ﷺ) بەخەڵکى بڵێ ئەی خەڵکى من نێردراوی خوای گەورەم بۆ لای هەمووتان، ئەو خوایەی کە موڵکى ئاسمانەکان و زەوی هەیە, کە هیچ پەرستراوێکى تری حەق نىيە کە شایەنى پەرستن بێت جگە لەو, زیندووکردنەوەو مردن هەربەدەستى خۆیەتى, ئێوە باوەڕ بهێنن بە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە خوێنەواری نىيەو باوەڕی هێناوە بە خوای گەورەو ووشەکانى خوای گەورە, وە ئێوە شوێنى ئەو پێغەمبەرە بکەون بەڵکو هیدایەت دەدرێن لە لایەنى خوای گەورەوە.

*وەباوەڕمان وایە کە شـەریعەتو بەرنامەکـەی بریتیـیـە لـە دینـی ئیسـلام کـە خوای گەورە ڕازی بووە پێی بۆ بەنـدەکانی, وە خـوای گـەورە هـیچ دینێکـی تـر جگە لە ئیسلام لە هیچ کەسێك وەرناگرێتو قەبوڵ ناکات، چونکە دەفەرموێت:

﴿ إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلامُ﴾ (آل عمران: ١٩).

واتە/بەجەخت لەسەرکراوییەوە دینی ڕاسـتو لێـڕازی بـوو لای خـوای گـەورە بریتیـیـە لـە ئیسـلام. وە دەفـەرموێت: ﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلامَ دِيناً﴾ (المائدة: ٣).

واتـە/ ئـەمڕۆ دینەکـەم بۆتـان تـەواو کـرد، و بەخششـی خـۆم تـەواو ڕژانـد بەسەرتاندا، وەڕازی بووم کە ئیسلام دینی ئێوە بێت.

وە دەفـەرموێت: ﴿ وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلامِ دِيناً فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ (آل عمران: ٨٥) .

واتـە/ هـەر کەسـێك دینـداری بکـات بـە جگـە لـە دینـی ئیسـلام ئـەوا لێـی وەرناگیرێت و لە دوارۆژدا یەکێك دەبێت لە دۆڕاوو زەرەرمەندەکان .

* وەباوەڕمان وایە کە هەرکەسێك ئەمڕۆ بڵێت دینێکی تـری جـێگیرو وەرگـیراو هەیە لەلای خوای گـەورە جگـە لـە دینـی ئیسـلام ئـەوا ئـەو کەسـە کـافرەو داوای

تۆبەکردنی لێ دەکرێت, ئەگەر تۆبەی کردو گەڕایەوە باشە ئەگەر نا ئەوا بە هەڵگەڕاوەیی لە دین دەکوژرێت چونکە قورئانی بە درۆ خستۆتەوە.

* وەباوەڕمان وایە کە هەرکەسێك باوەڕی نەبێت بەوەی کە پەیامی محمد(ﷺ) بۆ هەموو خەڵکییە بە تێکڕا ئەوە کوفری کردووە بە هەموو پێغەمبەران تەنانەت بەو پێغەمبەرەیشی کە بە قسەی خۆی دەڵێت باوەڕم پێ هێناوە وشوێنی کەوتووم، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿كَذَّبَتْ قَوْمُ نُوحٍ الْمُرْسَلِينَ﴾ (الشعراء: ١٠٥).

واتە/ نەتەوەی نوح هەموو پێغەمبەرانیان بە درۆ خستەوە .

خوای گەورە وایانی داناوە کە هەموو پێغەمبەرانیان بە درۆ خستۆتەوە لەگەڵ ئەوەی لە پێش نوح دا هیچ پێغەمبەرێکی تر نەبووە" چونکە بەدرۆخستنەوەی تەنها پێغەمبەرێك بەدرۆخستنەوەی هەموو پێغەمبەرانە.

وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَنْ يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلاً أُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقّاً وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَاباً مُهِيناً﴾ (النساء: ١٥٠-١٥١).

واتە/ ئەو کەسانەی کە کوفر دەکەن بە خوای گەورەو پێغەمبەرانی (کاتێك کوفریان کرد بە پێغەمبەرێك خوای گەورە ئەمەی دانا بە کوفر کردن بە هەموو

پێغەمبـــەران)، وە دەیانـــەوێت جیـــاوازی بخەنـــە نێـــوان خـــوای گـــەورە و پێغەمبەرانی‌یـەوە، ودەڵـێن بـاوەڕ بـە هەنـدێك لـە پێغەمبـەران دێـنین‌و کـوفریش دەکـەین بـە هەنـدێکی تریـان، وەدەیانـەوێت لـە نێـوان بـاوەڕو کـوفردا دینێکـی مامناوەنـدی دابنـێن, ئەمانـە کـافرن لـە ڕاسـتیدا وە ئێمـە بـۆ کـافران سـزای ڕیسواکەرمان داناوە.

*وەباوەڕمـــان وایـــە کـــە لـــە پـــاش محمـــدی پێغەمبـــەری خـــوا (ﷺ) هـــیچ پێغەمبەرێکی تر نی‌یە, هەر کەسێکیش لـە پـاش ئـەو بانگەشـەی پێغەمبەرایـەتی بکات یاخود کەسێك بە ڕاست بزانێت کـە بانگەشـەی بکـات ئـەوە کـافرە, چـونکە خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) و یەکدەنگی زانایانی موسڵمانانی بەدرۆ خستۆتەوە.

*وەباوەڕمـان وایـە کـە پێغەمبـەر(ﷺ) (الخلفاء الراشدين) ی هـەبووە(رضي الله عنهم) لـە پـاش خـۆی جێنیشـینی‌یان کـردووە لـە ئوممەتەکەیـدا بـە زانسـتو بانگـەواز و سەرپەرشتی کردنی موسڵمانان، وەباشترینیان‌و شـیاوترینیان بـە جێنیشـینی (ابو بكر الصديق )ە پاشان (عمر بن خطاب ) ە پاشان (عثمان بن عفان)ە پاشـان (على بن ابي طالب)ە(رضي الله عنهم), وەچـۆن بـەم ڕێکخسـتنە لـە جێنیشـیندا بـوون بەهـەمان شێوەیش لەپلەو پایەو فەزڵیش هـەر بـەم ڕێکخسـتنە بـوون, وە خـوای گـەورە – دانایی تەواو بۆ ئـەوە– پیـاوێکی نـەدەکرد بـە جێنیشـین بەسـەر باشـترین چاخو سەردەمدا کە کەسێکیان تێدا بێت لەو باشتر بێتو شایانتر بێت بە جێنیشینی .

*وە باوەڕمان وایە ئەوەی لەم چوارە پلەو پایەی کەمترە لەوانەیە جیا بکرێتەوە بە تایبەتمەندی‌یەك کە بەهۆیەوە سەرکەوێت بەسەر ئەوەی کەپلەوپایەی لەم زیاترە، بەڵام بەهۆی ئەمەوە پلەو پایەی وەهای نابێت بەسەر ئەوەی لەم پلەو پایەی زیاتر بووە، چونکە ئەو شتانەی کە پلەو پایەی بەرز دەکەنەوە زۆرو جۆراوجۆرن.

*وە باوەڕمان وایە کە ئەم ئومەتە باشترین‌و بەرزترین ئومەتە لەلای خوای گەورە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ (آل عمران: ١١٠).

واتە/ ئێوە ئەی ئوممەتی ئیسلام لەو ڕۆژەوەی کە باوەڕتان هێناوە باشترینی ئومەتن کەدەرکەوتبن بۆ خەڵکی، چونکە فەرمان دەکەن بە چاکەو قەدەغەی خراپە دەکەن‌و باوەڕ بە خوا دەهێنن.

*وەباوەڕمان وایە کە چاکترینی ئەم ئوممەتە هاوەڵانن(ﷺ)، پاشان شوێنکەوتووان‌و پاشان شوێن کەوتووانی شوێن کەوتووانن, وە بەردەوام کۆمەڵێك لەم ئوممەتە لەسەر حەقن‌و ئاشکران ئەوەی بیەوێت ڕیسوایان بکات یاخود پێچەوانەیان بکات ناتوانێت زیانیان پێ‌بگەیەنێت، هەتا ڕۆژی قیامەت ئەمان بەردەوام دەبن لەسەر حەق .

*وەباوەڕمان وایە ئەو فیتنانەی کە ڕووی داوە لە نێوان هاوەڵاندا(رضي الله عنهم) ئـەوە تأویل کردنێك بـووە کۆششـیان تێـدا کـردووە ئەوانـەی پێکاویانـە دوو پاداشـتیان هەیە، وەئەوانەی هەڵەیان کردووە پاداشتێکیان هـەبووە, وە هەڵەکـەیان لێخـۆش بووە.

*وەباوەڕمـان وایـە کـە پێویسـتە دەسـت هـەڵبگرینو بـێدەنگ بـین لـە خراپەکانیان وە باسیان نەکەین تەنها بەو وەسفە جوانـە نـەبێت کـە شـایەنین, وە دڵمان پاك بکەینەوە لە ڕقو کینە بەرامبەر بە هەریەکێکیان, چونکە خوای گـەورە دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿ لا يَسْتَوِي مِنْكُمْ مَنْ أَنْفَقَ مِنْ قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ أُولَئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِنَ الَّذِينَ أَنْفَقُوا مِنْ بَعْدُ وَقَاتَلُوا وَكُلّاً وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى﴾ (الحديد: ١٠).

واتە/ ئەوانەی کە لە پـێش ئـازادکردنی مەککـەماڵیـان بەخشـیوەو کوشـتاریان کردووە لە پێناوی خوای گەورەدا، یەکسـان نـین لەگـەڵ ئەوانـەی کـە پـاش ئـازاد کردنی مەککە ماڵیان بەخشیوە و کوشـتاریان کـردووە لـە پێنـاو خـوای گـەورەدا، هەرچەندە خوای گەورە پەیمانی بەهەشتی بە هەردوو لایان داوە لەگـەڵ جیـاوازی پلەکانی بەهەشت, وە دەربارەی ئێمە دەفەرموێت:

﴿ وَالَّـذِينَ جَـاءُوا مِـنْ بَعْـدِهِمْ يَقُولُـونَ رَبَّنَـا اغْفِـرْ لَنَـا وَلِإِخْوَانِنَـا الَّـذِينَ سَـبَقُونَا بِالْأِيمَـانِ وَلاتَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلّاً لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَؤُوفٌ رَحِيمٌ﴾ (الحشر: ١٠).

واتە/ ئەوانەی کە پاش هاوەڵان هاتن دەڵێن: خوایە لە ئێمەو لە برایانمان خۆش بە کە لەپێش ئێمەوە بە باوەڕەوە ڕۆیشتن, وە هیچ ڕقو کینەو حەسوودییەك مەخەرە دڵمانەوە بەرامبەر ئەو باوەڕدارانە, ئەی پەروەردگار بەڕاستی تۆ بە سۆزو بەزەییت.

# فصل

*وە باوەڕمان هەیە بەڕۆژی دوایی کە ڕۆژی قیامەتە وهیچ ڕۆژێکی تری لەپاش نییە, کاتێك خوای گەورە خەڵکی زیندوو دەکاتەوە بۆ مانەوەی هەمیشەیی یان لە بەهەشتدا یاخود لە دۆزەخی پڕلە سزای ئازاراوی.

*وەباوەڕمان هەیە بە زیندوو بوونەوە، کە زیندووکردنەوەی مردووەکانە کاتێك ئیسرافیل فووی دووەم دەکات بە (صور)دا:

﴿وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَنْ شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ﴾ (الزمر: ٦٨).

واتە/ کاتێك کەئیسرافیل فووی یەکەم دەکات بە(صور)دا هەرچی لە ئاسمانەکانو زەویدایە هەمووی یەکسەر دەمرن تەنها ئەوەی خوای گەورە ویستی لێ بێت نەمرێت کە (ئیسرافیل خۆیەتی ئەویش لە پاشاندا دەمرێت)، پاشان فووی

دووەمی پێدا دەکات خەڵکی هەموویان لەسەر پێیەکانیان ڕادەوەستن‌و تەماشا دەکەن بزانن چیان پێ دەوترێت یاخود چاوەڕێی ئەم شتە دەکەن .

وە خەڵکی هەمووی لە گۆڕەکانیان هەڵدەستن بۆ پەروردگاری هەموو جیهان بەپێی خاوسی‌و بەبێ پێڵاو, بەڕووتی‌و بەبێ جل‌وبەرگ, وە بەختەنە نەکراوی

﴿ كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُعِيدُهُ وَعْداً عَلَيْنَا إِنَّا كُنَّا فَاعِلِينَ﴾ (الانبياء: ١٠٤).

واتە/ چۆن سەرەتا لە سکی دایکیان دەریانمان کرد بە ڕووتی، وبەپێی پەتی، وختەنە نەکراوی بە هەمان شێوەیش دەیانگەڕێنینەوەو زیندوویان دەکەینەوە, ئەمە پەیمانێکەو ئێمە داومانەو دەیبەینە سەرو جێبەجێی دەکەین.

*وەباوەڕمان هەیە بە نامەی کردەوەکان کە دەدرێن بەدەستی ڕاست یاخود لە پشتەوە دەدرێن بەدەستی چەپ .

﴿ فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَاباً يَسِيراً وَيَنْقَلِبُ إِلَى أَهْلِهِ مَسْرُوراً وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ وَرَاءَ ظَهْرِهِ فَسَوْفَ يَدْعُو ثُبُوراً وَيَصْلَى سَعِيراً﴾ (الانشقاق:٧-١٢).

واتە / ئەوانەی کە نامەی کردەوەکانیان دەدرێت بەدەستی ڕاستیان (کەباوەڕدارانن) ئەوا خوای گەورە لێیان دەپرسێتەوە لێ پرسینەوەیەکی ئاسان (خراپەکانیان نیشان دەدرێت و پاشان خوای گەورە لێیان خۆش دەبێت بەبێ ئەوەی گفتوگۆی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت)، لەپاشاندا دەچن بۆ لای خێزان‌و منداڵەکانیان یاخود بۆلای حۆرییەکانیان کە بۆیان ئامادەکراوە لە بەهەشتدا بە

دڵخۆشـیـیەوە, بـەڵام ئەوانـەی کـە نامـەی کردەوەکانیـان لـە پشـتەوە پـێ دەدرێت(چونکە دەستی ڕاستیان بەستراوە بە ملیانەوە، وەدەستیچەپیان لە پشتەوەیە) ئەوا هاوار دەکەن بە لەناووچون و دەچنە ئاگری دۆزەخەوە.

وە دەفەرموێت: ﴿وَكُلَّ إِنْسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَاباً يَلْقَاهُ مَنْشُوراً اقْرَأْ كِتَابَكَ كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيباً﴾ (الاسراء: ١٣-١٤).

واتـە/ هـەموو مرۆڤێـك بەشـی خـۆی لەگـەردنی خۆیدایـە بـەهۆی چـاکی دڵو کردەوەی یاخود خراپیـیـەوە، لـەڕۆژی قیامەتـدا پـەرتووکی کردەوەکـانی نیشـان دەدەین کە هەموو کردەوە چاكو خراپـەکانی تێدا نووسـراوەتەوە, پاشـان پـێی دەوترێت خۆت پەرتووکەکەی خۆت بخوێنەرەوە, بەسـتە کـە خـۆت بڕیـار بـدەیت بەسەر خۆتدا لەو ڕۆژەدا.

*وەباوەڕمان هەیە بە تەرازووەکان کـە لـە ڕۆژی قیامەتـدا دادەنـرێن، وە هـیچ کەسێك هیچ ستەمێکی لێ ناکرێت:

﴿فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْراً يَرَهُ وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرّاً يَرَهُ﴾ (الزلزلة: ٧-٨).

واتـە/ هەرکەسـێك لـە دونیـادا کێشـی گـەردێك چـاکە بکـات ئـەوا لـە دوا ڕۆژدا دەیبینێتەوە، وە هەرکەسێك لە دونیادا کێشی گـەردێك خراپـە بکـات ئـەوا لـە دوا ڕۆژدا دەیبینێتەوە. وە خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿فَمَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ هُمُ

الْمُفْلِحُونَ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ فِي جَهَنَّمَ خَالِدُونَ تَلْفَحُ وُجُوهَهُمُ النَّارُ وَهُمْ فِيهَا كَالِحُونَ﴾ (المؤمنون: ١٠٢-١٠٤) .

واتە/ هەرکەسێك لە ڕۆژی قیامەتدا تەرازووی کردەوە چاکەکانی قورس بێت ئەوا ئەوکەسانە سەرکەوتوو وسەرفرازن, بەڵام هەرکەسێك تەرازووی کردەوە چاکەکانی سووك بێت بەرامبەر کردەوە خراپەکانی ئەوا ئەو کەسانە زەرەرمەندن و خۆیان دۆڕاندووە، وەبە نەمری لە ئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە, ئاگر بەڕێزترین شوێنیان دەسوتێنێت کە ڕوویانە، وەئەوان لە ئازارو ئەشکەنجەدا لێوەکانیان دەکرێتەوەو ددانەکانیان دەردەکەوێت .

وە دەفەرموێت: ﴿مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا وَمَنْ جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَلا يُجْزَى إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لا يُظْلَمُونَ﴾ (الأنعام: ١٦٠).

واتە / هەرکەسێك چاکەیەك بکات ئەوا دە ئەوەندە پاداشتی دەدرێتەوە, وە هەرکەسێك خراپەیەك بکات سزا نادرێت تەنها ئەوەندەی خراپەکەی نەبێت, وە هیچ کام لەمانە ستەمیان لێناکرێت .

*وەباوەڕمان هەیە بە تکاکردنی هەرەگەورە بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ), بۆ ئەوەی خوای گەورە بڕیار بدات لە نێوان بەندەکانیدا کاتێك توشی غەم و پەژارەو ناخۆشییەك بوونە کە لە توانایاندا نییە، وە دەچن بۆ لای ئادەم پاشان بۆ لای

نوح پاشان بۆ لای ئیبراهیم پاشان بۆ لای موسی پاشان بۆ لای عیسی هەتا لە کۆتاییدا دێن بۆ لای پێغەمبەری خوا(علیهم الصلاة والسلام) وە تکایان بۆ دەکات.

*وەباوەڕمان هەیە بە تکاکردن بۆ ئەو باوەڕدارانەی کە چونەتە دۆزەخەوە, کە ئەم تکا کردنە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) وپێغەمبەرانی ترو باوەڕداران‌و فریشتەکانە، وە خوای گەورە کەسانێك لە باوەڕداران لە دۆزەخ دەردەکات بە فەزڵ‌و چاکەو بەزەیی خۆی بەبێ تکاکردن بۆیان.

*وەباوەڕمان هەیە بە حەوزی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە ئاوەکەی لە شیر سپی ترە، وە لە هەنگوین شیرینترە، وە لە بۆنی میسك بۆن خۆشترە، وەدرێژی‌یەکەی ماوەی مانگێکەو پانی‌یەکەیشی بەهەمان شێوە, وەئەو قاپ‌و گڵاسانەی کە ئاوی پێ‌دەخورێتەوە لەسەری وەکو ئەستێرەکانی ئاسمانن لە ڕووی ژمارەو جوانی‌یەوە, باوەڕداران لە ئوممەتی محمد (ﷺ) دەچنە سەری, هەرکەسێك لێی بخوات لە پاش ئەوە هەرگیز تینوی نابێت .

*وەباوەڕمان هەیە بەو پردەی کە دانراوە لە سەر دۆزەخ, خەڵکی بەسەریا دەپەڕنەوە بە گوێرەی کردەوەکانیان کۆمەڵی یەکەم بەسەر پردەکەدا دەپەڕنەوە بە خێرایی تیشك، پاشان بە خێرایی (با)، پاشان بە خێرایی باڵندە و ڕۆیشتنی پیاو بە خێرایی, وە پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر پردەکە ڕاوەستاوەو دەفەرموێت:

﴿ یا ربِّ سلِّم سلِّم﴾[1] .واتـە/ ئـەی پـەروەردگار بیانپـارێزەو پارێزراویـان بکـە نەکەونە ناو دۆزەخەوە.

هـەتا کـردەوەی چـاکی خـەڵکی کـەم دەبێـت, هەیـە لەسـەر سـینگی دەڕوات، وە لەهەردوولای پردەکەیش قولاپی هەڵواسراوی فەرمان پێ کـراو هەیـە فـەرمانی پـێ بکرێت کێبگرێت دەیگرێتو فڕێی دەداتـە ناوئـاگری دۆزەخـەوە، هەیـە ئەوەنـدە قولاپـەکان ڕایـان کێشـاوە لەشـی هـەمووی داڕنـراوە، بـەڵام ڕزگـاری بـووەو پەڕیوەتەوە، وەهەیشـە گرتوویـەتیو فـڕێی داوەتـە نـاو ئـاگری دۆزەخەوە(پـەنا ئەگرین بەخوای گەورە) .

*وەباوەڕمان هەیە بە هـەموو ئـەو هەواڵانـەی دەربـارەی ئـەو ڕۆژەو سـەختیو ناخۆشییەکەی هاتبێت لـە قورئـانو سـوننەتدا, خـوای گـەورە یارمـەتیمان بـدات بەسەریدا .

*وەباوەڕمـان هەیـە بـە تکـاکردنی پێغەمبـەر(ﷺ) بـۆ خـەڵکی بەهەشـت کـە ڕێگایان بدرێت بچنە ناوییەوە، کە ئەم تکاکردنە تایبەتە بە پێغەمبەر(ﷺ).

*وەباوەڕمـان هەیـە بـە بەهەشـتو دۆزەخ, کـە بەهەشـت شـوێنی بەخشـشو خۆشییەکانە خوای گـەورە ئامـادەی کـردووە بـۆ بـاوەڕدارانی لـەخوا ترسـی خـۆ پـارێز, کـە بەخششـی وای تێدایـە نـەهیچ چـاوێك بینیـوێتی، وەنـەهیچ گوێیـەك

---

١٣- صحيح الجامع الصغير: (٢/٨٠٢٧).

بیستوویەتی، وەنە بەدڵی هیچ کەسێکیشدا هـاتووە: ﴿ فَلا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَا أُخْفِيَ لَهُمْ مِنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (السجدة: ١٧).

واتە/ هیچ باوەڕدارێك نازانێت خوای گەورە چی بۆ شاردۆتەوە لە بەهەشتدا کە دەبێتە هۆی چاوڕۆشنایی‌و دڵخۆشیان لە پاداشتی کردەوە چاکەکانیان.

وە ئاگری دۆزەخیش: شـوێنی سـزادانە کـە خـوای گـەورە ئامـادەیکردووە بـۆ بێباوەڕە ستەمکارەکان, کە جۆرەها سزاو ئێش‌وئازاری تێدایە, کە بەخەیاڵی هیچ کەسـێکدا نـەهاتووە: ﴿ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَاراً أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا وَإِنْ يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقاً﴾ (الكهف: ٢٩).

واتە/ ئێمە بـۆ بێبـاوەڕان‌و سـتەمکارانمان ئامـادەکردووە ئـاگرێکی گـەورە کـە دەوریان دەگرێتەوە، وە ئەگەر لەبەر گەرمی ئاگرەکە داوای ئاو بکەن ئەوا ئاوێکی گـەرمیان پـێ دەدرێـت وەکـو گـەرمی مـس‌و گـۆگردی تـوواوە لـە ئـاگردا، کـە دەیخۆنەوە لەگەرمیـدا ڕوویـان دەسـووتێنێت, کـە ئەمـە خـراپترین خواردنەوەیـە, وەخراپترین جێگای پشوودان‌و مانەوەیە.

وە بەهەشت‌و دۆزەخ ئیسـتا هـەن وە هـەتا هەتایـە لـەناو ناچـن‌و دەمێننـەوە, خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَمَنْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ صَالِحاً يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَداً قَدْ أَحْسَنَ اللَّهُ لَهُ رِزْقاً﴾ (الطلاق: ١١).

واتە/ هەركەسێك باوەڕ بهێنێت بە خوای گەورە و كردەوەی چاك بكات ئەوا خوای گەورە دەیكاتە بەهەشتەوە كە ڕووبار بەژێر باخەكانیدا دەڕوات, بەنەمری و هەمیشەیی لەناویدا دەمێننەوە, وە خوای گەورە بەخشش‌و ڕۆزی‌یان لەبەهەشتدا فراوان دەكات.

وە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ اللَّهَ لَعَنَ الْكَافِرِينَ وَأَعَدَّ لَهُمْ سَعِيراً، خَالِدِينَ فِيهَا أَبَداً لا يَجِدُونَ وَلِيّاً وَلا نَصِيراً يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ يَقُولُونَ يَا لَيْتَنَا أَطَعْنَا اللَّهَ وَأَطَعْنَا الرَّسُولا﴾ (الأحزاب: ٦٤- ٦٦).

واتە/ خوای گەورە نەفرەتی كردووە لەبێباوەڕان لە دونیادا, وە لە ڕۆژی دوایشدا ئاگرێكی سووتێنەری بۆ داناون, كە بەنەمری‌و نەبچڕاوی و هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، وە نابینن كەسێك پشتیوانیان بێت و بیانپارێزێت لە سزاكە، یاخود سەرخەریان بێت‌و ڕزگاریان بكات لێی، وە لە دۆزەخدا ڕوویان هەڵدەگێڕدرێتەوە, ئەوانیش دەڵێن خۆزگە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەیمان (ﷺ) بكردایە.

*وە گەواهی دەدەین بە بەهەشت بۆ هەموو كەسێك كە قورئان‌و سوننەت گەواهی بۆ دابێت، بە ناوهێنانیان یاخود وەسف كردنیان, لەوانەی كە ناویان هێنراوە: (ابو بكرو عومەر و عوثمان و علی ) (رضي الله عنهم) و هاوشێوەیان لەوانەی كە پێغەمبەر(ﷺ) ناویانی هێناوە, وە لە وەسف كردن: گەواهی دەدەین بۆ هەموو

بڕوادارێك یاخود لە خوا ترسێك، وە گەواهی دەدەین بە دۆزەخ بۆ هەموو کەسێك کە قورئان‌و سوننەت گەواهیان بۆ دابێت، بە ناوهێنانیان یاخود وەسف کردنیان, لەوانەی کەناویان هێنراوە: (ابو لهب و عمرو بن لحي الخزاعي) و هاوشێوەیان، وە لەوەسف کردن, گەواهی دان بۆ هەموو کافرێك یاخود هاوبەش بڕیاردەرێکی گەورە یاخود دووڕوو بە دۆزەخ.

*وەباوەڕمان هەیە بە تاقیکردنەوەی ناو گۆڕ: کە بریتی‌یە لە پرسیارکردن لە مردوو لەناو گۆڕەکەیدا دەربارەی پەروەردگار و دین‌و پێغەمبەرەکەی(ﷺ)، کە:

﴿ يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ ﴾ (ابراهيم: ٢٧).

واتە/ ئەو باوەڕدارانەی کە (لا اله الا الله محمد رسول الله) یان ووتوەو کاریان پیێ کردووە، خوای گەورە لە دونیاو ناوگۆڕو قیامەت دامەزراویان دەکات, وە کاتێك پرسیاریان لیێدەکرێت بە ئاسانی وەلاّم دەدەنەوە .

مرۆڤی بڕوادار لە وەلاّمی دوو فریشتەکەدا دەلێت: (الله پەروەردگارمە و ئیسلام دینمەو محمد(ﷺ) پێغەمبەرمە.

بەلاّم مرۆڤی بیێباوەڕو دوو ڕوو دەلێت: نازانم گوێم لیێ بوو خەلکی شتێکیان دەووت منیش وەکو ئەوان دەمووتەوە.

*وەباوەڕمان هەیە بە خۆشی ناو گۆڕ بۆ باوەڕداران .

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ الْمَلائِكَةُ طَيِّبِينَ يَقُولُونَ سَلامٌ عَلَيْكُمُ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ (النحل: ٣٢).

واتە/ ئەو کەسانەی کـە پـاکن لـە ووتـەو کردەوەیانـدا کاتێك فریشـتە گیانیـان دەکێشـێت مـژدەیان دەدەنـێو سـەلامیان لێدەکـەن و پێیـان دەڵـێن: بچـنە بەهەشتەوە بە هۆی کردەوەکانتانەوە.

*وەباوەڕمان هەیە بە سزای ناو گۆڕ بۆستەمکارە بێ باوەڕەکان: خوای گەورە دەفـــەرموێت: ﴿وَلَوْ تَرَى إِذِ الظَّالِمُونَ فِي غَمَرَاتِ الْمَوْتِ وَالْمَلائِكَةُ بَاسِطُو أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوا أَنْفُسَكُمُ الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ بِمَا كُنْتُمْ تَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ وَكُنْتُمْ عَنْ آيَاتِهِ تَسْتَكْبِرُونَ﴾ (الأنعام: ٩٣).

واتە/ ئەگەر ستەمکارە بێباوەڕەکان دەبینیت لە کاتی سەختی گیان کێشاندا، کە فریشتەکان دەستیان کردۆتەوە بۆ گیان کێشانیان و سزادانیان، وە چەکوشـی ئاسـن بـە دەسـتیانەوەیە پێیـان دەڵـێن: ئەگـەر ڕاسـت دەکـەن نەفسـی خۆتـان دەرکەن لە دەستی ئێمەو ڕزگاری بکەن لەم ناخۆشی یەی تێی کـەوتوون, ئـەمڕۆ ئێوە سزا دەدرێنەوە بە سزایەکی ڕیسوایی بە هۆی قسە خستنە پاڵ خوای گەورە بەبێ حەق‌و ڕاستی، وە ئێوە خۆتان بە گەورە دەزانی لە ئاست ئایەتەکانی خـوای گەورە و باوەڕتان پێی نەدەهێنا و ئیشتان پێی نەدەکرد.

وە فەرموودەی تر لەم بارەیەوە زۆرەو زانراوە, بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤی باوەڕدار کە باوەڕ بکات بە هەموو ئەو شتە نادیارانەی کە لە قورئان‌و سوننەتدا هاتووە, وە بەرهەڵستیان نەکات لەبەر ئەو شتانەی کە لە دونیادا دەیبینێت چونکە شتی دوا ڕۆژ ناپێورێت بەشتی دونیا, چونکە جیاوازی گەورە لە نێوانیاندا ئاشکرایە, واللە المستعان.

# فصل

*وەباوەڕمان هەیە بە قەزاو قەدەر خێرو شەڕی, کە دانراوی خوای گەورەیە بۆ هەموو بوونەوەرەکان, بە گوێرەی زانستی پێشووی خوای گەورەو دانایی و کاربەجێیی.

وە قەدەر چوار پلەی هەیە:

پلەی یەکەم: زانیاری: باوەڕمان هەیە بەوەی کە خوای گەورە زانایە بە هەموو شتێك ئەوەی ڕووی داوەو ئەوەی ڕوودەدات، وە چۆن دەبێت خوای گەورە هەمووی زانیوە بە زانیاری یە ئەزلی یە هەمیشەیی یەکەی, هیچ زانیاری یەکی بۆ تازە نابێتەوە لە پاش نەزانین وە تووشی لەبیرچوونەوە نابێت لە پاش زانیاری.

پلــەی دووەم: نووســین: باوەڕمــان هەیــە بــەوەی کــە خــوای گــەورە هەرچــی دێتەبوون تا ڕۆژی قیامەت هەمووی نووسـیوە لـە (اللوح المحفوظ) دا خـوای گـەورە دەفەرموێت:

﴿ أَلَمْ تَعْلَـمْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَـمُ مَـا فِي السَّـمَاءِ وَالْأَرْضِ إِنَّ ذَلِـكَ فِي كِتَـابٍ إِنَّ ذَلِـكَ عَلَـى اللَّهِ يَسِيرٌ﴾ (الحج: ٧٠).

واتە/ ئایا نازانیت کە خوای گەورە زانیاری هەیە بە هەموو ئەو شـتانەی کـە لـە ئاسمـانو زەویدایـە, وە ئـەم شـتانە هـەمووی لـە (اللوح المحفوظ) دان لای خـوای گەورە, بەڕاستی ئەم زانیاری‌یانە لای خوای گەورە ئاسانە.

پلەی سێیەم: ویسـت: باوەڕمـان هەیـە بـەوەی کـە هەرچـی لـە ئاسمانـەکانو زەویدایە خوای گەورە ویستی لێبـووە بۆیـە هـەن, وە هـیچ شـتێك بـەبێ ویسـتی خوای گەورە نابێت، وە ئەوەی خوای گەورە ویسـتی لێبـووە بـووە, وە ئەویشـی خوای گەورە ویستی لێنەبووە نەبووە .

پلــەی چــوارەم: دروســت کــردن: باوەڕمــان هەیــە بــەوەی کــە خــوای گــەورە دروستکەری هەموو شـتێکە، وە خـۆی دەیانپارێزێـتو هـەڵیان دەسـوڕێنێت بـەبێ هاوبــەش, وە کلیلــی ئاسمانــەکانو زەوی‌ــو ڕۆژی و بــەزەیی, ... مــوڵکی خــوای گەورەیە: ﴿ اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ لَهُ مَقَالِيدُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ (الزمر: ٦٢-٦٣).

ئەم چوار پلەیە گشتییە بەجەخت لەسەرکراوییەوە هەموو شتێك کە لە خوای گەورەوە ڕوودەدات یان لە بەندەکانییەوە کە هەموو ووتەو کردەوەیەك کە بەندەکان پێی هەڵدەستن یاخود وازی لێ دەهێنن هەمووی لای خوای گەورە: زانراوە و نووسراوە و ویستراوەو دروستکراوە, خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لِمَنْ شَاءَ مِنْكُمْ أَنْ يَسْتَقِيمَ وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ (التكوير: ٢٨-٢٩).

واتە/ بۆ هەموو کەسێك لە ئێوە کە ویستی لە دامەزراوی هەبێت, وە ئێوە هیچ ویستتان نییە مەگەر خوای گەورەی پەروەردگاری هەموو جیهان ویستی لێبێت .

وە دەفەرمێت: ﴿وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلُوا وَلَكِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ﴾ (البقرة: ٢٥٣).

واتە/ ئەگەر خوای گەورە ویستی لێبوایە ئەوا کوشتاری یەکتریان نەدەکرد بەڵام ئەوەی خوای گەورە بیەوێت دەیکات.

وە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ﴾ (الأنعام: ١٣٧).

واتە/ئەگەر خوای گەورە ویستی لێبوایە ئەوا منداڵەکانیان زیندە بەچاڵ نەدەکرد، وازیان لێ بهێنە لە خۆیانو درۆ هەڵبەستنیان بۆ خوای گەورە.

وە دەفەرموێت: ﴿وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ﴾ (الصافات: ٩٦).

واتە/ خوای گەورە خۆتانو کردەوەکانتانی دروست کردووە .

*بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا باوەڕمان هەیە بەوەی کە خوای گەورە هەڵبـژاردن‌و توانای داوە بە مرۆڤ کە بە هۆیانەوە کردەوە ئەنجام دەدات، وەبەڵگە لەسەر ئەوەی کە کردەوەی مرۆڤ بە هەڵبـژاردن‌و توانـای خۆیـەتی‌و سەربەستە تێیدا چەند شتێکە:

*یەکەم: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ﴾ (البقرة: ٢٢٣).

واتە/ لەگەڵ خێزانەکانتان کۆببنەوە چۆن ویستان لێیەتی.
وە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَرَادُوا الْخُرُوجَ لَأَعَدُّوا لَهُ عُدَّةً﴾ (التوبة: ٤٦).

واتە/ ئەگەر دووڕووەکان بیانویستایە دەرچن بۆ جیهاد کردن ئەوا خۆیان بۆ ئامادە دەکرد.

خوای گەورە لەم دوو ئایەتەدا ویست بۆ بەندە جێگیر دەکات کە ویستی خۆیەتی .

*دووەم: ئاراستەکردنی فەرمان‌و قەدەغەکردنی بۆ بەندە، کە ئەگەر هەڵبژاردن‌و توانای نەبوایە ئەوا ئەم ئاراستە کردنە دەبوو بە داواکردنێك کە لە توانایدا نەبوایە، کەئەمەیش شتێکە دانایی‌و کاربەجێیی و بەزەیی خوای گەورە ڕەتی دەکاتەوە، هەروەها هەواڵە ڕاستەکەیشی بەرپەرچی داوەتەوە، کە دەفەرموێت:

﴿ لا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْساً إِلَّا وُسْعَهَا﴾ (البقرة: ٢٨٦).

واتە/ خوای گەورە داوا لە هیچ کەسێك ناکات تەنها بە گوێرەی توانای خۆی نەبێت.

*سێیەم: پێداهەڵدانو باش باس کردنی چاکەکار لەسەر چاکەکەی و, وزەم کردن وخراپ باس کردنی خراپەکار لەسەر خراپەکەی, وە پاداشتو سزادانەوەی هەریەکەیان بەو شێوەیەی کە شایەنێتی, کە ئەگەر کردەوە بەویستو هەڵبژاردنی بەندە نەبوایە ئەوا پێداهەڵدانو باس کردنی چاکەکار گاڵتەدەبوو، وە سزادانی خراپەکاریش ستەم دەبوو, کە خوای گەورە پاكو بێگەردە لە گاڵتەو ستەم کردن.

*چوارەم: خوای گەورە پێغەمبەرانی ناردووە بە موژدەدەرو ترسێنەر تا لە پاش ناردنی پێغەمبەران خەڵکی هیچ بەڵگەیەکیان نەبێت لای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا:

﴿ رُسُلاً مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ ﴾ (النساء:١٦٥).

کە ئەگەر کردەوەی بەندە بە ویستو هەڵبژاردنی خۆی نەبوایە ئەوا بە ناردنی پێغەمبەران بەڵگەکانی بەندە بەتاڵ نەدەبووەوە.

*پێنجەم: هەموو کەسێك هەر کردەوەیەك دەکات یاخود وازی لێدەهێنێت دەزانێت کە هەست بە هیچ زۆرلێکردنێك ناکات کە بە زۆر پێی بکرێت بەبێ

ویستی خۆی, بۆ نموونە هەڵدەستێت و دادەنیشێت, دێتە ژورەوەو دەردەچێت و سەفەر دەکات و جێگیر دەبێت بەوپەڕی ویست وسەربەستی خۆی, وە هەست ناکات کە کەسێك زۆری لێبکات, بەڵکو جیاوازیەکی ڕووداوی دەکات لە نێوان ئەوەی کە شتێك بە ویستو هەڵبژاردنی خۆی بکات، وە لە نێوان ئەوەی کە شتێك بکات بە هۆی زۆرلێکردنی زۆردارێکەوە, بە هەمان شێوە شەرعیش جیاوازی کردووە لە نێوانیاندا بە جیاوازیەکی کاربەجێ, بۆیە لە کەسێك ناگیرێت کە ئیشێك بکات لە مافی خوای گەورەدا کە زۆری لێ کرابێت .

* وەباوەڕمان وایە کە قەدەری خوای گەورە بەڵگە نیە بۆ تاوانبار بۆ کردنی تاوانەکانی، چونکە تاوانبار تاوان دەکات بە ویستو هەڵبژاردنی خۆی بەبێ ئەوەی بزانێت کە خوای گەورە لەسەری نووسیوێتی, چونکە هیچ کەسێك بڕیاری خوای گەورە نازانێت تەنها لەپاش ڕوودانی نەبێت

﴿وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَداً﴾ (لقمان: ٣٤).

واتە/ هیچ کەسێك نازانێت سبەینێ چی بەدەست دێنێتو چی بەسەر دێت.

ئیتر چۆن بەڵگە هێنانەوە بە بەڵگەیەك ڕاستە کە ئەوەی بە بەڵگە دەیهێنێتەوە نایزانێت, کاتێك کە ڕوودەکاتە ئەوەی کە دەیکاتە بیانوو لەسەری، وە خوای گەورە ئەم بەڵگەیە بەتاڵ دەکاتەوە کە دەفەرموێت:

﴿ سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلا آبَاؤُنَا وَلا حَرَّمْنَا مِنْ شَيْءٍ كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ حَتَّى ذَاقُوا بَأْسَنَا قُلْ هَلْ عِنْدَكُمْ مِنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ أَنْتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ﴾ (الأنعام: ١٤٨).

واتە/ هاوبەش بڕیاردەران دەڵێن ئەگەر خوا ویستی لێبوایە ئەوا نە ئێمەو نە باوكو باپیرانمان هاوبەشمان بۆ خوا بڕیار نەدەدا، وە هیچ شتێكیش لەوەی كە خوای گەورە حەلاڵی كردوە حەراممان نەكرد, خوای گەورەیش دەفەرموێت بەهەمان شێوە ئەوانەی پێش ئەمان بەم بەڵگەیە پێغەمبەرانیان بە درۆ دەخستەوە هەتا سزای ئێمەیان چەشت, تۆ ئەی محمد(ﷺ) پێیان بڵێ ئایا هیچ بەڵگەو زانیاریتان پێیە لەسەر ئەو هاوبەش بڕیاردانەتان تا نیشانمانی بدەن؟ بەڵكو ئێوە تەنها شوێنی گومان كەوتوون، وە تەنها گومان دەبەن.

*وە بەو تاوانكارەی كە قەدەر دەكاتە بەڵگە لەسەر تاوان كردنەكەی دەڵێین: بۆچی گوێڕایەڵی خوای گەورە ناكەیت وە وا دابنێیت كە خوا لەسەرتی نووسیوە, چونكە جیاوازی نییە لە نێوان تاوانو گوێڕایەڵی لەو ڕووەوە كە مرۆڤ نەزانە بەوەی كە بۆی بڕیاردراوە پێش جێبەجێكردنی كردەوەكەی, وە بۆیە كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو هەریەكێك لە ئێوە شوێنی دیاری كراوە لە

بەهەشـتو لـە دۆزەخ ووتیـان: ئایـا پـاڵ بدەینـەوەو واز لـە کـردەوە بهێـنین؟ فەرمووی: ﴿ لا اعْمَلُوا فَكُلّ مُيَسَّرٌ لِما خُلِقَ لَهُ﴾[١].

واتە/ نەخێر, کردەوە بکەن هەر کەسێك بۆ کوێ دروست کرابێت کردەوەی ئەو شوێنەی بۆ ئاسان دەکرێت.

*وە بەو تاوانکارەی کە قەدەر دەکاتە بەڵگە لەسەر تاوان کردنەکەی دەڵێین:

ئەگـەر تـۆ بتتـەوێت سـەفەر بکـەیت بـۆ مەککـەو دوو ڕێگـا هـەبێت, کەسـێکی ڕاستگۆ پێت بڵێت ڕێگەیەکیان ترسناكو قورسە وئەوی تریان ئەمینو ئاسانە, ئەوا تۆ ڕێگای دووەم دەگریتە بەرو نابێت ڕێگای یەکەم بگریتە بەرو بڵێیـت: لـە سـەرم نووسراوەو بۆم دیاری کـراوە, ئەگـەر وات کـرد ئـەوا خـەڵکی بـە شـێت لەقەڵـەمت دەدەن .

*دیسان پێی دەڵێین: ئەگەر دوو ئیشت پێشکەش بکرێت یـەکێکیان مووچـەی لەوی تریان زیاتر بێت، ئەوا تـۆ ئـەو ئیشـە دەکـەیت کـە مووچـەکەی زیـاترە نـەك مووچـە کەمەکـە , ئـەی ئـیتر چـۆن بـۆ ئیشـی دواڕۆژت کـەم هەڵدەبـژێریت پاشـان قەدەر دەکەیت بە بەڵگەو دەڵێیت لەسەرم نووسراوە؟!.

---

٤١- فتح الباري (٥٨٦٣)، ومسند الامام أحمد عن علي بن أبي طالب(رضي الله عنه)، وانظر: صحيح الجامع الصغير: (١٠٧٤/١).

*هەروەها پێی دەڵێین: دەتبینین کاتێك تووشی نەخۆشی لاشەت دەبیت لە دەرگای هەموو پزیشکێك دەدەیت بۆ چارەسەر کردنت, وە ئارام دەگری لەسەر ئازاری کرداری نەشتەرگەریو تاڵی دەرمان، ئەی بۆ وەکو ئەمە ناکەیت بۆ نەخۆشی دڵت بە تاوانو سەرپێچی؟.

*وەباوەڕمان وایە کە شەڕ نادرێتە پاڵ خوای گەورە لەبەر تەواوێتی بەزەییو کاربەجێیی, پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿والشَّرُ ليس اليك﴾ رواه مسلم.

واتە/ ئەی پەروەردگار شەڕ نادرێتە پاڵ تۆ.

خودی بڕیاری خوای گەورە هیچ شەڕی تێدا نییە بە هەمیشەیی" چونکە بڕیارێکە دەرچووە لە سۆزو بەزەییو کاربەجێیی خوای گەورە, بەڵکو شەڕ لە پێویستیو داخوازی بڕیاردانەکەیە, پێغەمبەر(ﷺ) لە دوعای قونوتدا کە حەسەنی فێر کرد دەفەرموێت: ﴿وَقِنا شَرَّ ما قَضَيت﴾.

واتە/ بمانپارێزە لەو شەڕەی کە بڕیارت داوە, لێرە شەڕ دەداتە پاڵ بڕیارەکەی, لەگەڵ ئەمەیشدا شەڕ لە بڕیارەکانیشدا شەڕێکی تەواو ڕووت نییە, بەڵکو لەلایەکەوە شەڕەو لە لایەکیترەوە خێرە، یاخود لە شوێنی خۆیدا شەڕەو لە شوێنێکی تردا خێرە, ئاشووب لە زەویدا لە ووشکی و نەخۆشیو هەژاریو ترس شەڕە, بەڵام خێرە لە شوێنێکی تردا, خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ (الروم: ٤١).

واتە/ ئاشووب (ووشكیو كەمی ڕۆزیو ترسو ڕێگریو ستەم...) دەركەوتووە لە زەویو دەریادا بەهۆی تاوانو هاوبەش بڕیاردانەوە، تا خوای گەورە سزای هەندێك لە كردەوە خراپەكانیان بداتەوە بەڵكو دەگەڕێنەوە، وەدەست هەڵدەگرن لە تاوانو هاوبەش بڕیاردان .

وە بڕینی دەستی دزو ڕەجم كردنی زیناكەر شەڕە سەبارەت بە دزو زیناكەرەكە لە بڕینی دەستو گیان كێشان, بەڵام خێرە بۆیان لە لایەكی ترەوە كە دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەكەیان، چونكە سزای دونیاو قیامەت پێكەوە كۆناكرێتەوە ئەوەی لە دونیا تۆڵەی لێدەسێنرێت لە قیامەتدا سزانادرێت, هەروەها لە شوێنێكی تریشدا خێرە چونكە دەبێتە هۆی پاراستنیماڵ و نامووسو بنەچەو ڕەچەڵەك.

# فصل

*ئەم بیروباوەڕە بەرزە کە ئەم بنچینە گەورانـە دەگرێتـە خـۆی بـەروبوومی زۆر پیرۆزو گەورە بۆ خاوەنەکەی دەستەبەر دەکات, لەوانە:

*باوەڕبوون بە خوای گەورەو ناوو سیفاتەکانی بەرهەمەکەی بۆ بەندە بریتیـیە لە خۆشەویستیو بەگەورە زانینی خوای گەورە کەوا لە مرۆڤـ دەکەن هەستێت بە جێبـــەجێکردنی فەرمانــــەکانی خـــوای گـــەورە و دوور کەوێتـــەوە لـــە قەدەغەکراوەکانی, کە ئەمـەیش دەبێتـە هـۆی تـەواوێتیو بەختـەوەری مرۆڤـ لـە دونیاو دوارۆژدا بۆ تاکو کۆمەڵ, خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ مَنْ عَمِلَ صَالِحاً مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ (النحل: ٩٧).واتـە/ هەرکەسـێك کـردەوەی چـاك بکـات لـە پیـاو یـاخود ئـافرەت بەمەرجێك باوەڕدار بێت ئەوا ژیانێکی باش دەیژێنین، وەپاداشتیان دەدەینەوە بە باش تر لە کردەوەکانی خۆیان.

*وە لەبەروبوومەکانی باوەڕبوون بە فریشتەکان:-

*یەکەم: زانیاری بەرامبەر گەورەییو هێزو تواناو دەسەڵاتی دروستکەرەکەیان (خوای گەورە)

*دووەم: سوپاس کردنی خوای گەورە لەسەر گرنگیدانی بە بەندەکانی کە ئەو فریشتانەی داناوە بۆ پاراستنیان‌و نووسینی کردەوەکانیان و جگە لەوانە لە بەرژەوەندی یەکانیان.

*سێیەم: خۆشویستنی فریشتەکان لەسەر ئەو پەرستنەی خوای گەورە کە لەسەر تەواترین شێوە جێبەجێی دەکەن, وەلەسەر داوای لێخۆشبوونیان بۆ باوەڕداران.

*وە لەبەروبوومەکانی باوەڕبوون بە پەرتووکە ئاسمانی‌یەکان:-

*یەکەم: زانیاری بەرامبەر بەزەیی‌و بایەخ دانی خوای گەورە بە دروست کراوەکانی, کە بۆ هەر نەتەوەیەك پەرتووکێکی دابەزاندووە وڕێنمایی‌یان دەکات.

*دووەم: دەرکەوتنی کاربەجێیی خوای گەورە, کە لەهەر پەرتووکێکدا شەریعەت‌و یاسایەکی داناوە کە بگونجێت بۆ نەتەوەکان, کە کۆتایی ئەم پەرتووکانە قورئانی پیرۆزە کە گونجاوە بۆ هەموو دروستکراوەکان لە هەموو سەردەمێکداو لە هەموو شوێنێکدا تا ڕۆژی قیامەت.

*سێیەم: سوپاس کردنی بەخششی خوای گەورە لەسەر ئەم شتە.

*وە لەبەروبوومەکانی باوەڕبوون بە پێغەمبەرەکان:-

*یەکـــەم/ زانیـــاری بـــوون بەبـــەزەییو بایـــەخ دانـــی خـــوای گـــەورە بـــە دروستکراوەکانی, کە ئەو پێغەمبەرانەی بۆ ناردوون, بۆ هیدایەتو ڕێنماییان.

*دووەم: سوپاس کردنی خوای گەورە لەسەر ئەو بەخششە گەورەیە.

*سـێیەم: خۆشویسـتنی پێغەمبـەران و ڕێزلێنانیـان و بـاش باسـکردنیان بـەو شێوەیەی کە شایەنین, چونکە ئەوان نێـردراوو بەنـدەی تایبـەتی خـوای گـەورەن, هەستاون بە: پەرستنی خوای گەورە، وگەیاندنی پەیامەکەی، وئامۆژگـاری کردنـی بەندەکانی، وئارام گرتن لەسەر ئازاردانیان.

*وە لەبەروبوومەکانی باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی:-

*یەکـەم: سـووربوون لەسـەر گوێڕایـەڵی کردنـی خـوای گـەورە بـە ئومێـدی پاداشتی ئەو ڕۆژە, وە دوورکەوتنەوە لە تاوان لە ترسی سزای ئەو ڕۆژە.

*دووەم: دڵدانـەوەی بـاوەڕدار لـە کـاتی لـە دەسـتدانو فـەوتانی خۆشـیو ئارەزووەکـانی دونیـا بـەوەی کـە چاوەڕێی بەخشـشو خۆشـیو پاداشـتی دواڕۆژ دەکات.

*وە لەبەروبوومەکانی باوەڕبوون بە قەزاو قەدەر:-

*یەکەم: پشت بەستن بە خوای گەورە لە کاتی جێبەجێکردنی هۆکار، چونکە هۆکارو خاوەنەکەی (ئەوەی جێبەجێی دەکات) هەردوکیان بە قەزاو قەدەری خوای گەورەن.

*دووەم: پشوودانی نەفسو دڵ ئارامی: چونکە هەرکاتێك کە زانی ئەمە بە قەزاو قەدەری خوای گەورەیە, وە ناخۆشیەکە هەر ڕوودەدات, ئەو کاتە نەفسی پشوودەدات, وە دڵی ئارام دەبێتو ڕازی دەبێت بە بڕیاری پەروەردگار, بۆیە هیچ کەسێك نییە ژیانی خۆشترو بەهێزترو ئارام تربێت لەو کەسەی کە باوەڕی بە قەزاو قەدەر هەیە.

*سێیەم: سەرسام نەبوون بەنەفس لەکاتی بەدەست هێنانی مەبەست, چونکە دەستکەوتنی مەبەست بەخششێکی خوایگەورەیەو ئەو بڕیاری داوە بەهۆی هۆکاری خێرو سەرکەوتنەوە, ئەویش سوپاسی خوای گەورە دەکات لە سەر ئەو شتە، وەوازدەهێنێت لەسەرسام بوون بەنەفسی خۆی.

*چوارەم: دەرکردنو وازهێنان لە دڵەڕاوکێو دوو دڵیو خەفەت لە کاتی لەدەست دان وفەوتانی مەبەست یاخود تووش بوون بە ناخۆشی, چونکە ئەوانە بەقەزاو قەدەری خوای گەورەن، کە موڵکی ئاسمانەکانو زەوی هەمووی هیئەوە وە گەڕانەوەی نییە, ئەویش ئارام دەگرێت و چاوەڕێی پاداشتی دەکات لە خوای گەورە, خوای گەورە ئاماژەی بۆ ئەم شتە کردووە کە دەفەرموێت:[ مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ لِكَيْلا

تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ وَاللَّهُ لا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ] (الحديد: ٢٢-٢٣).**واتە/ هیچ بەڵاو ناخۆشیەك نیە لەسەر زەویو لە خۆتاندا ڕوودات ئیلا هەمووی لە** (لوح المحفوظ) **دا نووسراوەتەوە پێش ئەوەی زەوی دروست بکەین، ئەمە شتێکی ئاسانە لای خوای گەورە و قورس نیە بۆی, وە ئەم شتەمان پێتان ڕاگەیاند تا غەمو خەفەت نەخۆن بۆ شتێك لە دونیا کە لەدەستتان بچێت و بفەوتێت, وە تا دڵخۆش نەبن بەو شتانەی کە لە دونیادا پێتانمان بەخشیوە، وەخوای گەورە کەسێکی خۆش ناوێت کە خۆی بە گەورە بزانێت و شانازی بکات بە خۆیەوە.**

*داواکارین لە خوای گەورە دامەزراومان بکات لەسەر ئەم بیروباوەڕە, وە بەرهەمو بەروبوومەکانیمان بۆ دەستەبەر بکات، وەزیاتر فەزڵو بەخششی خۆیمان پێ ببەخشێت, وە دڵەکانمان لەسەر حەق لانەدات لە پاش ئەوەی کە هیدایەتمانی دا, وە لەسۆزو بەزەیی خۆیمان پێ ببەخشێت, هەر ئەو بەخشەرە.

**والحمد لله رب العالمين وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وأصحابه والتابعين لهم باحسان.**

**تەواوبووم لەوەرگێڕانی ئەم پەرتووکە بەسوودە لە**

**ڕۆژی یەك شەممە**

**٣٠/شعبان ی١٤٢٤ ك**

**بەرامبەر٢٦/١٠/٢٠٠٣ ز**

**والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات.**